دیوانی حەسرەت

(مەلا شێخ محەمەدی خەڵووزە)

کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی: سەباح مەلا عەبدوڵا

ڕووبەرگ: سـروە نیکـخا

پەخشانگا: ئەوین_مەریوان

ژمارەی ستانداردی نیونەتەوەیی کتێب: ١-٤-٩٢٩١٤-٦٠٠-٩٧٨ (ISBN)

نۆرە و کاتی چاپ: یەکەم، پاییزی ٢٧١٣

هەژمار: ١٠٠٠ دانە

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوین: مەریوان، کۆتایی شەقامی مەرنۆخ

٠٩١٨٧٧٥٤٤٠٤ — ٠٨٧٥ ٣٢٢٦٦٦٤

www.awinbook.com

سرشناسه: نیک‌خواه، صباح، ۱۳۵۶ _ گردآورنده.

عنوان و پدیدآورنده : دیوانی حەسرەت مەلا شیخ محەمەدی خەلووزە/کو کردنەوە و ساخکردنەوەی: سەباح مەلا عەبدولا.

مشخصات نشر: کردستان؛ مریوان، ئەوین، ۱۳۹۲.

مشخصات ظاهری: ۷۲ ص. شابک: ۱-۴-۹۲۹۱۴-۶۰۰-۹۷۸

وضعیت فهرست نویسی: فیپا.

یادداشت : کردی. موضوع: شعر کلاسیک کردی_مجموعه‌ها. شناسه افزوده: نیکخواه، سروه: طرح جلد.

رده‌بندی کنگره: ۳۲۵۶PIR/س۱۳۹۱۷۴۳ ۹۳ن رده‌بندی دیویی: ۸فا۹/۲۱۰۸

شماره کتابشناسی ملی : ۲۸۵۹۶۵۳

دیوانی حەسرەت

مەلا شێخ محەمەدی خەڵووزە

کۆکردنەوە و ساخکردنەوەی:
سەباح مەلا عەبدوڵا

مەریوان، ئەوین، ١٣٩٢

سپاس بۆ

کاک ئومێد کەریمیان

کە لە سەر ئەرکی بەڕێزیان ئەم کتێبە بە چاپ گەیشت.

ناوەرۆک

پێشەکی: ٧
دەستپێک ٩
کورتەیەک لە ژیانی حەسرەت ١١
بنەماڵەی حەسرەت ١٣
خزمەتەکانی ئەم بنەماڵەیە ١٦
حەیف و خەسار ١٩
حەسرەت و دنیای ئەدەب ٢١
ئەم دیوانە ٢١
پۆرترەی حەسرەت ٢٤

شیعرەکان: ٢٥
موناجات ٢٧
غەزەلێکی فارسی ٢٨
برای عەزیزم ڕۆحم چاوەکەم ٢٩
هەزار سەلام بێ لە وەفا و سفات ٣٠
ئەگەر مەیلت وەکوو جارانە قوربان ٣١
لەگەڵ موفسید هەموو ڕۆژم شەوی تار ٣٢
هەتا ماوم بە لوتف و ڕەحمی ئێوە چاوەڕوانم من ٣٣
کارییەن دەردم ٣٤
بەرداش ٣٥
دوعا و پاڕانەوە بۆ باران بارین ٣٩
تاک و چوارینە ٤٢
هەجو ٤٣

پاشکۆ: ٤٧
شێخ ڕەزای دەرموەران ٤٩
فەرهەنگۆک ٥٧

دەستنووسەکان و وێنەکان: ٦٣
دەستنووسەکانی شیعری حەسرەت ٦٤
دەستنووسی شیعری شێخ ڕەزا ٧٠
وێنەی شیعرخوانەکانی بنەماڵەی حەسرەت ٧١
بنەماڵەی حەسرەت هەتا ئەمڕۆ ٧٢

پێشکەشە بە:

- «باوکم» کە لە بەر ڕۆشنایی کتێبخانەکەیدا: «کوردی» و «خوێندنەوە» و «نووسین» فێربووم.
- گیانی پاکی هاوڕێ و زاوام «مامۆستا ئەنوەر هوژەبری» کە هەرگیزای هەرگیز گڵ ناتوانێ مەیلبڕی ناو و یادی بەرزی بێت.

سەباح

١

پێشەکی

دەستپێک:

١ـ کەشکۆڵ و بەیازەکان لەگەڵ ئەوەدا کە خەزینەی ئەدەبی و سەرچاوەن بۆ ناسین و بەئاگابوونمان لە شاعیران و بەرهەمەکانیان؛ لە بواری مێژوویی و شوناسی نەتەوییشدا بایەخ و گرنگییەکی حاشا هەڵنەگریان هەیە. هەر کامە و بەردێکە لە کۆشکی مێژووی پێگەیشتن و زانیاری ئەمڕۆماندا، کانێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و کەلەپوورمانن و شیاوی ئەوەن کە وەک کەرەستەی خاو بۆ ڕاڤەی ورد و بابەتیانە بخرێنە بەردەستی پسپۆڕان و نەوەی دواڕۆژ.

کەمتەرخەمی‌کردن لە هەڵگرتن و پاراستنیاندا بووە بە هۆی فەوتانی زۆربەی هەرە زۆریان: یان دڵۆپە و شوێنی شێدار دایڕزاندوون یان بوون بە خۆراکی سیسرک و مشک، یا لە شەڕ و دەربەدەریدا بە یەکجاری لەناوچوون. بۆ نموونە تەنیا لە سەدەی بیستەمدا شەڕی ڕووس، شەڕی عەشایری، شەڕی ئێران‌ـعیراق و... دەیان دێی کوردستانیان کاول کرد و لە ڕووی جوگرافیادا سڕانەوە.

جیا لەمانەیش ڕەنگە لە ئەژمار نەیەن ئەو پەرتووک و بەڵگەنامە و دەستنووسانەی باوباپیرانمان کە بران بۆ دەرەوە یان ئەگەرچی لە بەلا و نەهامەتییەکانی ڕۆژگار قوتار بوون و تا ئێستەیش ماونەتەوە؛ بەلام لە سووچی کتێبخانە گشتی و تایبەتییەکان و کون و قوژبنی گەورە مالاندا، خەریکە ئەپرتووکێن و لە لێنەپرسینماندا زیندەبەچاڵ ئەکرێن.

هەڵبەت نابێ ئەوەیش لەبیربکەین کە لە بەرانبەر کەسانی بێ‌دەروەست و بازرگانانی فەرهەنگی و ئەو زڕقەڵەمانەی کە چاوی تەماحیان بڕیوەتە ئەم چەشنە ناسەوارانە و هەر خەمی خۆیان و گیرفانی ناموبارەکیانە؛ زۆرن ئەو سەربازە ونانەی کە ئەویندارانە وەک «بەڵگەنامەی گەشەپێدانی فەرهەنگ و کەلەپووری ڕەسەنی کوردی» لێیان ئەڕوانن و بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی دەزانن کە بە شێوازی سەردەمیانە بیانپارێزن و نەهێڵن ئەو سامانە نەتەوەییانە لەناوبچن.

٢ـ لە هەگبەی کەشکۆڵ و بەیازەکانەوە و پەراوێزی هەندێ لە کتێبە دەستنووسەکان و تەنانەت لە ناو کاسێتە شیعر و لە بیر و زەینی هەندێک لە پیرەکاندا، شیعری وامان بەر چاو و گوێ دەکەوێت کە لە مێژووی تۆمار کراوی ئەدەبیماندا نموونەیان کەمە و حەیفە خوێنەری کورد لە بۆن و بەرامەیان بێبەش

بووە. شاعیری وامان لێ ئاشکرا دەبێت کە شان ئەسوون لە شاعیرە گەورەکانمان و جێی داخە کە ناونیشان و ناوبانگیان نەزانراوە.

بەو هیوایەی کە لە سای هیمەتی خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردییەوە، دیوانی ئەو شاعیرانەی کە تا ئێستا نەناسێنراون یاخۆ تاک‌وتەرا و پرژوبلاو شیعرەکانیان بینراوە و بیستراوە، کۆبکرێنەوە و هەر کامیان ببێ بە خاوەنی دیوانی خۆی...

٣ـ لەگەڵ بیستن و بینینی ناوی «خەڵووزە»دا چەند شیعرێک و دوو شاعیر دێن بە زەیندا: میرزا ڕەشید «فەقێ خەڵووزی» و مەلا شێخ محەمەدی خەڵووزە «حەسرەت» بەڵام بە سنووربەندییەکی لێڵەوە لە نێوانیاندا.

سەبارەت بە فەقێ خەڵووزەیی لە کتێبی «شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد»دا هاتووە: «میرزا ڕەشید خەڵکی دێی خەڵووزەی ناوچەی مەریوانە، بە فەقێ خەڵووزەیی ناوی دەرکردووە، خوێندنی لە لای مەلا ئەحمەدی باوکی مەلا کاکە حەمەی ناری تەواو کردووە، لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمی کۆچیدا لە دنیا دەرچووە.»[1]

تا ئەو جێیەی من بزانم، تەنیا ئەو پێناسە کورتە و دوو شیعری فەقێ لە بەردەستدایە: بەیتی بەناوبانگی «قەڵای خاو» کە لە زۆر سەرچاوەدا هاتووە[2] و پیرەمێردیش کردوویەتیەوە بە سۆرانی [دەقەکەی هەورامییە] هەروەها پارچە شیعرێکی دیکەی بە ناوی «ڕەعنای گوڵ‌پەیکەر» کە مامۆستا محەمەدعەلی قەرەداغی بڵاوی‌کردوەتەوە.[3]

هیوادارم ئەم هەوڵەم سنووری شیعری ئەم دوو شاعیرە لە یەکتر جیابکاتەوە و ئەو ڕۆژە بێت کە سامانی ئەدەبی فەقێی خەڵووزەیش کۆبکرێتەوە و بکەوێتە بەردەستی نەتەوەکەی.

---

١ ـ شاعیرە ناو ون بووەکانی کورد، عەلی کەمال باپیر، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٣، ل ٢٥

٢ـ قەڵای خاو یەکێکە لە ئاسەوارە دێرینەکانی ناوچەی مەریوان. قەڵایەکی ستراتیژیکی خان ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆ خانی ئەردەڵان بووە. شیعری قەڵای خاو کە وتوێژێکی خەیاڵییە لەگەڵ ئەو قەڵایەدا، بە «فەقێ قادری هەمەوەند»یشەوە نیسبەت دراوە. لە دیوانی ئەم شاعیرەدا کە لەلایەن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریمەوە ساڵی ١٩٨٠ چاپ کراوە، دان نراوە بەوەدا کە لە هەندێک شوێندا ئەم شیعرە دراوەتە پاڵ «فەقێ خەڵوزی»

٣ ـ کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، محەمەد عەلی قەرەداغی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٨٠ و ٢٣٠

کورتەیەک لە ژیانی حەسرەت:

مەلا شێخ محەممەدی خەڵووزە کە نازناوی شیعری «حەسرەت»ە کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ فەتاحی کوڕی شێخ محەممەدی کوڕی شێخ ڕەزای کوڕی شێخ ئەحمەدی بێلووە. لە بنەماڵەیەکی زانا، ناودار و ئەهلی تەریقەت، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەی زایینیدا لە گوندی بێلووی مەریوان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.[1]

لە خزمەتی زانا و ئەدیبی بەناوبانگ کاکە حەمەی بێلوو «مامۆستا ناری»دا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و چووەتە ئاوایی خەڵووزە. لەوێ سەرەڕای مەلایی، جوتیاری و ئاشەوانیشی کردووە.[2] دوای کاولبوونی خەڵووزە لە ئاکامی شەڕی عەشایری لە ١٩٤٥ی زایینی/١٣٢٤ی هەتاویدا، بووە بە مەلای گۆخلان (پێنجوێن) و تا کۆتایی تەمەنی پڕ حەسرەت و پەژارەی [١٩٥٩/٩/٢٠ز ـ١٣٣٨/٦/٢٨هـ] لەوێ ماوەتەوە و گلکۆی پیرۆزیشی هەر لەوێیە.

لە دوای کۆچی دوایی شێخ ڕەزای دەرەوەران (براگەورەی حەسرەت) مەلا شێخ محەممەد براژنی خۆی واتە خاتوو ئاسیەی کچی شێخ مارفی شێخ عەلی

١ـ دەستنووسێکی حەسرەت لەماڵی شێخ عەبدوڵای شێخ حەسەنی ڕاوگان (برازازای حەسرەت)دایە کە ڕەچەڵەکی خۆی تێدا بەمجۆرە نووسیوەتەوە: هذا نسب اقل السادات سید محمد ابن سید علی ابن سید فتاح ابن سید محمد ابن سید رضا هەنگەژاڵیابن سید احمد مریوانی ابن سید علی دۆڵپەمووبی ابن سید محمد نۆدێیی ابن سید علی وەنێنە ابن بابارسول بەرزنجی ابن سید صیدی ابن سید رسول ابن سید قلندر[لە کتێبی «بنەماڵەی زانیاران» لەم بەیندا ناوی «سەیید عەبدولسەیدی بەرزنجی» هاتووە] ابن سید عیسی أحدب ابن سید حسین ابن سید بایزید ابن سید عبدالکریم ابن سید عیسا بەرزنجی ابن سید باباعلی همدانی ابن سید یوسف ابن سید منصور ابن سید عبدالعزیز ابن سید اسماعیل ابن امام موسی کاظم ابن امام جعفر صادق ابن امام محمد باقر ابن امام زین‌العابدین ابن امام حسین شهید رضی‌الله تعالی عنه ابن امیرالمومنین اسدالله الغالب حضره علی کرم‌الله وجهه و قره‌العین و فرزند دلبند حضره خیرالنساء اعلی فاطمه الزهرا و هی بنت محمد المصطفی صلی‌الله علیه و علی آله و صحبه و سلم. قلمی شد در یوم ١ شنبه ٨ رمضان المبارک سنه ١٣٧١ هـ

٢ـ محەممەد بەگی خاو و مەحموود خانی کانیسانان سێ دانگی ئاشە بەردینەیەکیان لە خەڵووزە پێداوە. هەروەها زەوی و زارێکی زۆریش بە ناوی «کانی بەرد» تەنانەت ویستوویانە نیوەی گوندی خەڵووزە کە ملکی ئەوان بووە، بیدەنێ بەڵام خۆی قەبووڵی نەکردووە.

کۆلان ئەخوازێت و سەرپەرشتی برازاکانی: خاتوو سەکینە و شێخ حەسەن ئەگرێتە ئەستۆی خۆی و هاوکات باوک و مامیش بووە بۆیـان. بەرهـەمی ئـەم زەواجـەیش، چوار منداڵ بووە بە ناوەکانی: مەحموود، ئەمنە، زبە و عەلیێ.

لە پاش کۆچی دوایی خاتوو عاسە، لەگەڵ خـاتوو خـەجیج (خەدیجـە ئەحمـەد ڕۆستەم، ١٩٨٢-١٩٢٩/١٣٦٠-١٣٠٧) کە قازی ڕەحیم[1] «حەقدار» و ئامۆزای بـووە، ژیانی دووهەمی هاوسەری پێکهێناوە. بەڵام منداڵیان نەبووە.

سەڕەڕای چەرمەسەری و کەمدەرەتانی،ماڵـی حەسـرەت بـۆ بنەماڵـەی شـێخ حسەینی کوڕی شـێخ شەمسـەدینی هەنگەژاڵـیش (هاوسـەری خـاتوو سـەکینەی برازای حەسرەت) ماڵە بـاوان بـووە و شـێخ حسـەینی هێنـاوە بـۆ خەڵـووزە و لـە ئاشەکەی خۆیدا دایمەزراندووە، کاتێکیش کە جوانەمەرگ بـووە، منداڵـەکانی واتـە شێخ سەعید و شێخ محەمەد و شێخ عەلی هەسەناوڵەی پێگەیاندووە.

تاقە کوڕەکەی حەسرەت واتە شێخ مەحموودی حافز لە منداڵیدا تووشی ئاوڵـە بووە و پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ مەرگـدا، هـەر دوو چـاوی لەدەسـتـداوە. ئەگەرچی کوێرێکی زەین ڕۆشن؛ بەڵام ڕەنگە ئەمـە هۆکـاری سـەرەکی بووبێ بـۆ ئەوەی کتێب و شیعرەکانی حەسرەت پارێزەرێکی ئەوتۆی نەبێ و پرژوبڵاو ببێتەوە.

حەسرەت لە تەمەنی کاملی‌دا و هێشتا بەخۆوە بووە کـە بـە نەخۆشـینی میـز گیران [پرۆستات]ەوە تووش بووە و لە کەرکووک نەشتەرگەری بـۆ کـراوە. بـەڵام بە هـەر هۆیەکـەوە، نەشـتەرگەرییەکەی سـەرکەوتوو نـەبووە و نـۆ سـاڵ و چـوار مانگی ئاخری ژیانی پاش ئەو نەشتەرگەرییە، بە یەکجاری کەوتووەتـە نـاو جێگـە و خاتوو خەجیجی هاوسەری نەیهێشتووە تەنانەت بۆ یـەک ڕۆژیـش بـێ‌دەسـتنوێژ

١ـ قازی ڕەحیم (مەلا ڕەحیمی قازی) خەڵکی گلە لە سەرشیوی مەریوان، لە سەردەمی دەسەڵاتداری حەمەڕەشید خاندا قازی سەقز و بانە بووە، لە کۆماری کوردستانیشدا بەشدار بووە، لە کانی‌سانان، دارۆخان، قشلاخ و ساوجیدا مەلا و مودەڕیس بووە، لە پێنجوێن و سەیدسادقدا وێڕای مەلایەتی مامۆستای قوتابخانەیش بووە و لە سەیدسادق کۆچی دوایی کردووە.
حەسرەت و قازی ڕەحیم وێڕای ژنبەژنی: خاتوو خەجیج_حەسرەت، خاتوو زبەی کچی حەسرەت_مەلا عوسمانی کوڕی قازی ڕەحیم؛ دۆستایەتییەکی نزیکیشیان پێکەوە بووە.

بێت. دڵسۆزی و خزمەتگوزاری ئەو فریشتەیە بە شێخ محەمەدی حەسرەت لە وشەدا ناگونجێ و زوان کۆڵە لە دەربڕینی..

مەلا شێخ محەمەدی خەڵووزە پیاوێکی بەهرەدار، جوانچاک، ڕەوشتبەرز، ئایینپەروەر بووە و تەنانەت کەراماتی لێدەگێڕنەوە. لە هەمان کاتیشدا شۆخ و نوکتەباز بووە و زۆرێک لە قسە نەستەق و نوکتە خۆشەکانی هێشتا لە بیر و زەینی کەس گەلێکی زۆر لە خاومیراوا و شلێردا ماوەتەوە و دەماودەم دەگەڕێت. لە ناو هەموو چین و توێژەکانی خەڵکدا بەڕێز و خۆشەویست بووە و ئەویش لە بەرانبەردا بە بێتەماح و بەو پەڕی وەفا و حورمەتەوە لەگەڵ هەموو لایەکدا پەیوەندی گەرموگوڕی بووە.

مخابن زۆربەی هەرە زۆری شیعر و هۆنراوەکانی حەسرەتی شاعیر بە هۆی چەند ڕووداوێکی تاڵەوە لەناوچوون.

بنەماڵەی حەسرەت:

ئەگەرچی چەند پشتێکی ئەم لقەی "ساداتی بەرزنجی" لە بێلووی مەریوان و بەرلەوەتر لە هەنگەژاڵی بانەدا بوون؛ بەڵام ڕەچەڵەکیان دەگاتەوە دۆڵپەموو و ئەوانیش دەچنەوە سەر نۆدییەکان و لە ئاکامدا بەرزنجەی زێد.

ناونیشان و شەجەرەی ئەم بنەماڵەیە لە شێخ ئیسماعیلی موحەدیسی کوڕی ئیمام موسای کازمەوە، کوڕاوکوڕ تا دەگاتە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ڕەزای هەنگەژاڵ کە باپیرە گەورەی حەسرەت بووە؛ لە کتێبە بەنرخەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس «بنەماڵەی زانیاران»دا ٨٥ لاپەڕەی پێوە تەرخان کراوە.[1] دیارە ئەگەر بنئامۆزا و پەلوپۆکانیتری ئەم بنەماڵەیەی بهاوێژینە سەر، دەیان لاپەڕەی دیکەیش دەگرێتەوە. واتە زیاتر لە حەوتیەکی سەرجەم کتێبەکە تایبەتە بە باس و خواس و ناساندنی دەیان و بگرە سەدان زانا، پیاوچاک، ڕابەری تەریقەت، عارف و کەسێتی ناوداری ئەم بنەماڵەیە.

١ـ بنەماڵەی زانیاران، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٨٤، لاپەڕەکانی ٢٥٧ تا ٣٤٢

سەبارەت بە شێخ ڕەزای هەنگەژاڵ و باوکی واتە: شێخ ئەحمەدی بێلوو کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسەی دۆڵپەموو (پشتی چوارەم و پێنجەمی حەسرەت) بە پێچەوانەی نووسینەکەی مامۆستا، ئەم بنەماڵەیە بۆچوونێکی جیاوازیان هەیە.

لە لاپەڕە ٣٤٢ی بنەماڵەی زانیاران، لە باسی «شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەلی‌یە کۆسەی دۆڵپەموو»دا هاتووە:

«ئەم شێخ ئەحمەدە لە دۆڵپەموو لە دایک بوەو، خوێندوویەو بوە بە زانایەکی بەرزی بەڕێز، هەروا لە خزمەتی باوکیشیدا خەریکی تەریقەت بووە هەتا پێگەیشتوە، جا لە دۆڵپەمووەوە چوە بۆ دێی (بێلو)ی سەر بە مەریوان و لەوێ دانیشتووە. .. بەلام شێخ ڕەزای کوڕی شێخ ئەحمەد چوە بۆ دێی (هەنگەژاڵ)ی سەر بە (بانە)و لەوێ دانیشتوەو هتد»

خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولای ڕاوگان (برازازای حەسرەت) ئەم باسەی بەمشێوە بۆم گێڕایەوە: «شێخ ئەحمەد پیاوخوا و زانایەکی ناوداری سەردەمی خۆی بووە، لە هەنگەژاڵدا خاوەنی تەکیە و دیوەخان بووە، بە سەردانێک هاتووە بۆ مەریوان. خەلک و مالیک و بەگزادەکانی مەریوان داوایان لێکردووە کە لە ناویاندا بمێنێتەوە و زۆرێک تکایان کردووە کە نەڕواتەوە بۆ بانە. کە شێخ ئەحمەد دەعوەتەکەیانی قەبول کردووە، سێ دانگی «بێلوو»یان داوەتێ و ماڵ و تەکیەیان بۆی کردۆتەوە و ئیتر لەوێ ماوەتەوە. شێخ ڕەزای کوڕیشی وەک جێگەداری باوک تا کۆتایی تەمەنی هەر لە هەنگەژاڵ بووە بەلام وەسیەتی کردووە کاتێک کە مرد، بیبەنەوە بۆ باوەشی باوکی. لە پاش کۆچی دوایی شێخ ڕەزا و هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ بێلوو؛ هەموو بنەماڵەکەیان لە بێلوو یەکانگیر بوون و تا چەند وەچەیەک لەوێ ماونەتەوە.»

هەر چۆنێک بێت، گلکۆی ئەم باوک و فرزەندە لە بێلوودایە و ئەو بەشەی گۆڕستانی ئاوایی بێلوو کە ئەم دوو بەڕێزە و چەند کەسێکی‌تری بنەماڵەکەیانی تێدا

ئەسپەردە کراوە، بە «زیارەتەلانی و شێخ ئەحمەد و شێخ ڕەزای بێلوو» بەناوبانگە و لە لای خەڵکی دەوروبەر یەکجار پیرۆزە.[1]

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لە سەردەمی ژیانی شێخ فەتاحدا (باپیری حەسرەت) ئەم بنەماڵەیە نیوەی مڵکەکەیان فرۆشتووەتەوە بە بەگزادەکانی بێلوو. پاشان شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ فەتاح (مامەی حەسرەت) کە کەسێکی ئازا و لێهاتوو بووە لە ڕووداوێکدا لە گوندی مێرگەدرێژ کوژراوە.[2] لە بۆشایی نەمانی شێخ ئەحمەددا، بەگزادەکانی بێلوو و گەیگەچان؛ ماڵ و خێزانی شێخ عەلی (باوکی حەسرەت) کە تەنیا میراتگری شێخ فەتاح بووە، لە بێلوو دەرکردووە و مڵک و زەوی و زارەکەیانیان داگیر کردووە[3] و ئەوانیش ئاوارە بوون. سەرەتا بەرەو دەرەوەران و پاشان خەڵووزە و دوای کاول بوونی خەڵووزەیش دیسان دەرەوەران، دواتر گۆخلان، نزارە و هتد. ئیستەیش لە ئەنجامی ئەو کۆچاوکۆچەدا، ئەم بنەماڵەیە بوون بە دوو بەرەکە: یەک لە مەریوان (دەرەوەران) و یەک لە پێنجوێن (ڕاوگان).

١ـ لە سەر کێلە قەبرەکەی شێخ ڕەزادا نووسراوە:

بر سر تربت ما گر گذری همت خواه
که زیارتگه رندان جهان خواهد بود
بندەی پیر خراباتم که درویشان او
گنج را از بی نیازی خاک بر سر میکنند

١٢٤٥-١٢٠٢ هجری

هذا قبر المرحوم المبرور المغفور جنت مکان رضوان الشباب سید شیخ رضا ابن المرحوم شیخ احمد نور الله مرقدهم

٢ـ ئەم ڕووداوە تا ڕادەیەک لێڵە و ئەوەی کە زانراوە: شێخ ئەحمەد پیاوی سەردار بەگی ئەچین [سەرۆکی هۆزی میرانبەگی] بووە، بکوژەکەی کەسێک بووە بە ناو ئەسە چیچزرانی کە لە دوو ساڵ بەر لەم مەسەلەیەوە دانیشتووی مێرگەدرێژ بووە و دوای ئەم ڕووداوە گەڕاوەتەوە بۆ بانە. گوایە ئەویش قەسەکوشت تەقەی لێنەکردووە!

٣ـ بەگزادەکانی بێلوو، کانیمیران (گەیگەچانی ئەوسا) و بەردەڕەشە سەر بە هۆزی حەمەکەریمبەگین.

سەرەڕای ئەم مەسەلەیە، ماڵە مام و بنئامۆزاکانی حەسرەت چەند پارچە زەوییەکیان فرۆشتووە بە موعتەمەدی سنە[1] و ئەویش بەرەبەرە بە فێڵ و زەبروزەنگ چەندین مڵکی دیکەی لە چنگیان دەرهێناوە. ئەمەیش بووەتە هۆی هەڵکنرانی یەکجاری خانەدانی شێخانی بێلوویی، واتە وەچەکانی شێخ ئەحمەد و شێخ ڕەزای بێلوو، لە زێدی خۆیان و بڵاوەکردنیان بەرەو خاومیراوا [بۆ نموونە: شێخ محەمەدی نەچێ] و شلێر [وەک: بنەماڵەی شێخ عەزیزی کێلوو]

خزمەتە هەرەنگییەکانی ئەم بنەماڵەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە:

ـ ئەم کتێبە: ئەگەرچی بەشێکی یەکجار کەمی شیعرەکانی حەسرەتی لە خۆ گرتووە و ڕەنگە ناوی «دیوانی شیعر» قورس بێ بۆ تەنیا ١٠ پارچە و ٢ چوارینە و ٢ تاک و ٢٤/٥ بەیت هەجوا بەڵام من هەر ئەوەندەم پێ کرا و هیوادارم توانیبێتم تا ڕادەیەک بەر بە فەوتانی بەرهەمی ئەم شاعیرە بگرم.

ـ کەشکۆلی حەسرەت: بریتییە لە گوڵبژێرێک لە شیعری چەندین شاعیری جیاواز (وەک: کوردی، نالی، ناری، شێخ ڕەزا، زیوەر، راجی، معروف، محتشم، عشقی، زرگر، هەروەها هەڵبەستێکی دوور و درێژی مەلا حامید هەمەوەند زەکی) ئەم دەفتەرە شیعرە قەوارەکەی وەزیری بە پێوانەی (٢١×١٧) و ١٤٢ لاپەڕەیە، ٢٦ لاپەڕەیشی بە نەنووسراوی ماوەتەوە. حەسرەت تیایدا شیعرگەلێکی ئەو شاعیرانەی بە زوانەکانی: کوردی، عەرەبی و فارسی بە قەڵەمنیش و دەوات، لە گوندی گۆخلان، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٢ تا ١٣٧٥ی کۆچیدا[2] نووسیوەتەوە. بەڵام بە داخەوە تەنیا پێنج پارچە شیعری خۆی تێدایە.

١ـ حاجی موعتەمەد یا میرزا عەبدولغەفارخانی موعتەمەد لە بنەماڵەی وەزیری [سنە] بووە کە بە درێژایی چەندین سەدە و بەتایبەت لە پاش ڕووخانی میرنشینی ئەردەڵانەوە، زۆرترین ڕۆڵیان لە بوارەکانی سیاسی، نیزامی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەیالەتی ئەردەڵاندا گێڕاوە. موعتەمەد لە سەردەمی کۆتایی قاجار-سەرەتای پەهلەویدا لە زۆر شوێنی ویلایەتی ئەردەڵاندا مڵک و ماڵی سەندووە و داگیر کردووە.

٢ـ بەرانبەر بە:١٩٥٦-١٩٥٣/١٣٣٤-١٣٣٢

ـ بەیازی شێخ ڕەزای دەرەوەران (برا گەورەی حەسرەت): مێژووی نووسینەوە: سالەکانی ١٣١٤ تا ١٣٢٦ی کۆچی،[1] بە قەوارە باخەلی و پێوانەکەی (٢١×١١)ە، بە خەتی شکستە_نەستەعلیق نووسراوە. وادیارە نزیک بە ٢٠٠ لاپەڕە بووبێ، بەلام چەندین لاپەڕە لە سەرەتا و کۆتایی بەیازەکەدا بە سریش لکێندراون بە یەکەوە تا ببن بە بەرگ بۆ باقیەکەی و بەمشێوەیە سەروبەر ١٥٥ لاپەڕەی ماوەتەوە. ئەو شاعیرانەی لەم بەیازەدا دەقیان نووسراوەتەوە بریتین لە: ابوبکر صدیق، غوث، تأثیر، صدراعظم، صائب، شیخ نصرالدین حکیم، قاآنی، قصّاب، حافظ، ناصر، قایمقام، نظامی، مولوی رومی، شمس تبریزی، سعدی، محتشم، قاسمی، خاکی، جامی، میرزا تقیخان، واقف، وحشی، سنایی، مەولانا خالید، مەولەوی تاوەگۆزی، مجرم، سالم، ناری، تایەر بەگ، شێخ ڕەزای تالەبانی، شێخ عەلی کەرکووک، سەید حەسەن سورێنی، میرزا فەتاح قازی ساوجبلاخ، ئەمانەلاخانی ئالبلاغ و هەندێک شیعریشی تێدایە کە ناوی شاعیرەکانی نەنووسراوە. لە ناو شیعر و چیرۆک و پەخشانەکانی ئەم بەیازەدا هەر سێ زوانی کوردی، عەرەبی و فارسی بەدیدەکرێت کە شێخ ڕەزا لە پشوویەکی درێژدا، گولچنێکی جوان و نایابی هەندێ دەقی پڕبایەخی ئەدەبیی ئەو زمانانەی کردووە و ئەمەیش ئاستی بەرزی ئەدەبی و زانایی خاوەنی بەیازەکە دەسەلمێنێت. بە دلنیاییەوە شێخ ڕەزا خۆیشی شاعیرێکی بەتوانا بووە و لەو بەیازەدا شیعری خۆیشی تێدایە بەلام تا ئیستە تەنیا لە هەندێکی کەمیان دلنیام کە هی خۆی بێت و ئەوانیشم لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا هێناوە.

ـ بەیازێکی دیکەی شێخ ڕەزای دەرەوەران: کە بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە دیار نیە و بەشکوو ڕۆژێک بێ و بدۆزرێتەوە. ئەم بەیازە ئەندازەکەی پالتاوی، بەرگی خام و سریش، بە کەنیرە چنراو، زیاتر لە ٣٠٠ لاپەڕە بووە. سالی ١٣٦٠/١٩٨١شێخ عومەری ڕاوگان (کوڕەزازای شێخ ڕەزا) بە نیازی ئەوەی کە بیگەیەنێت بە دەستی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە بەغدا و کەلێنێکی کتێبخانەی کوردی پێ پڕبکرێتەوە؛ داویە بە هاوڕییەکی خۆی بە ناوی مەلا

١_ بەرانبەر بە: ١٩٠٩-١٨٩٧/١٢٨٧-١٢٧٥

ئیبراهیمی مامە حەمە کە تێکۆشەر و ئەدەبدۆستێکی پێنجوێنی بووە. پاش ماوەیەکی کەم مەلا ئیبراهیم بە دەستی دزێوی بەعس شەهید بووە و لەو کاتەوە تا ئیستە چارەنووسی ئەم بەیازە نارۆوونە.

- پاراستنی کاسێتێکی «مەلا رەسوولی گۆلێ»: شەهید شێخ ئەحمەدی شێخ مەحموودی گۆخلان (١٩٨٢-١٩٥٥/١٣٦١-١٣٣٤، کوڕەزای حەسرەت) کە پیاوێکی تێکۆشەر و ئەدەبدۆست بووە، لەم کاسێتە نوسخەیەکی هەڵگرتووە کە تیایدا مەلا ڕەسوولی «فەریقی» سێ پارچە شیعر و بەسەرهاتی خۆی لە سالی گرانییەکە دەگێڕێتەوە. ئەم کاسێتە بوو بە هاندەرم بۆ بەدواداچوون و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە نەناسراوە و ئێستا خەریکم کاریان لە سەر دەکەم.

- لە نێو ئەم بنەماڵە زانا و ئەدەبدۆستەدا چەندین «شیعرخوان» هەڵکەوتوون وەک: حاجی شێخ حەسەنی ڕاوگان (١٩٧٩-١٩٠٩/١٣٥٨-١٢٨٨، کوڕی شێخ ڕەزا)، شێخ عەلی عەریزە نووس (٢٠١٠-١٩٤٢/١٣٨٨-١٣٢٠، کوڕی شێخ حەسەن)، شێخ مەحموودی حافز (١٩٩٣-١٩٢٤/١٣٧٢-١٣٠٣، کوڕی حەسرەت) و شێخ مەحموودی مێرگەدرێژ (لەدایکبووی ١٩٢٧/١٣٠٥، خوشکەزازای حەسرەت) هەر کامیان سەدان و بگرە هەزاران شیعریان لەبەر بووە و لە ناوچەکەدا ناوبانگیان دەرکردووە. کەسانێکی زۆر: خەڵکی ئاسایی، ئەعیان و ئەشراف و تاقمی خوێندەوار لە کۆڕ و کۆبوونەوە و شەونشینی و هتدا، دێ بە دێ ناردوویانە بە شوێنیاندا یان چوونەتە خزمەتیان و چێژیان لە هونەرەکەیان بردووە. لە ڕێگەی ئەم بەڕێزانەوە: گوێچکە و مێشکی خەڵکانێک بە ناونیشان و بەرهەمی ئەدیبەکانمان ڕۆشن بووەتەوە. لێکۆڵەر و نووسەرانیش بۆ پاراستن و ساخکردنەوەی دەقە کۆنەکان، وەک سەرچاوە بەهرەیان لێوەرگرتوون.

- هەروەها تێکۆشەری دێرین کاک شێخ عومەری ڕاوگان، ئەندامی ئەم بنەماڵەیە و کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە، چەند پرۆژە نووسینێکی ئەدەبی و مێژوویی بەدەستەوەیە.

حەیف و خەسار:

کتێبخانە و نووسراوەکانی شێخی حەسرەت لە چەند بەلادا هەر جارە و بەشێکیان فەوتاون:

١ـ لە ئاکامی سووتانی خەڵووزە[1] و ئاوارە بوونی حەسرەت لەوێوە بەرەو دەرەوەران و پاشان گۆخلان، وەک باقی خەڵکی ئەو گوندە، هەندێک زیانی بینیوە و ئاساییە بڕێ کتێب و دەستنووسیشی لەو کۆچاوکۆچەدا لەناوچووبێ.

١ـ خەڵووزە گوندێکی دێرینی ناوچەی مەریوان بووە و لە زۆرێک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی هاتووە. ئەم گوندە لە ٢٦ کیلۆمەتری باکووری ڕۆژئاوای شاری مەریواندا و لە دۆڵێکی نێوان ساوجی و قوڵقوڵەی ئێستادا بووە. گەورەترین و ناودارترین گوندی ڕێزەدێی خاومیراوا بووە و زیاتر لە ١٥٠ماڵی لێبووە. بە هۆی چەندین ئاشەوە کە تێدا بوون لە ناوچەکەدا بایەخێکی زۆری بووە، هاوکات ناحەزی زۆریش! ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، سیاسی و نیزامییەکانی سالانی ١٩٤٥-١٩٤٠/١٣٢٤-١٣١٩ کارتێکردنێکی زۆریان بووە لە سەر دیمۆگرافی ناوچەی مەریوان بەگشتی و خاومیراوا بەتایبەتی. لەوانە: هێرشی حەمەڕەشید خانی بانە بە یارمەتی هۆزەکانی بەگزادەی هەورامان [بە سەرۆکایەتی مەحموود خانی دزڵی] و فەتالیبەگیەکان [بە سەرۆکابەتی عەلی خانی ولەژێر] بۆ سەر مەریوان و هەڵهاتن و پاشان گەڕانەوەی مەحموود خانی کانیسانان بە یارمەتی هەندێ هۆزی ناوچەکە و ئەرتەشی شاوە بۆ مەریوان و دەرکردنی هێزی حەمەڕەشید خان لەم دەفەرە، هێرشی زەمینی و ئاسمانی بەربڵاوی ڕژیمی شا بۆ سەر کوردستان و شکستی حەمەڕەشید خانی بانە و سەقامگیر بوونەوەی دەوڵەتی پەهلەوی لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حەمەڕەشید خان [سەقز، دیواندەرە، سەردەشت و بانە]، گەڕانەوەی خانی بانە بۆ دۆڵی شلێر، دەستگیرکران و دوورخستنەوەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە و هتد. لەم گرژی و ئاڵۆزییانەدا خەڵووزە نەخوازەڵا کەپۆسی ئەمنیە (بنکەی پۆلیس)یشی لێبووە، چەند جارێک پەلامار دراوە. جارێکیان چەتە چووەتە سەریان و ڕان و گایەلی ئاواییان تالان کردووە کە لە ئاکامی پێکدادانی خەڵک و چەتەکاندا دوو چەتە و دوو کەس لە خەڵکی ئاوایی کوژراون: یەک لە چەتەکان ناوی کاکە شا بووە، لەو گەڵاخیانە بووە کە لە پرۆسەی ئەگریسی «تەختەقاپوو/بەگزادەگیران» دا (واتە: پاکتاو کردن، کۆچاندن و ڕاگواستنی چەندین خێڵ و بە دیل گرتن و کوشتنی سەدان سەرۆک هۆز و دەسەڵاتدارە ورد و درشتە کوردەکان، لە لایەن ڕەزا شای گۆڕبەگۆڕەوە، سالی ١٣١٠/١٩٣١) بەرەو شلێر ناودیو بوون و لە گوندی دەرەورگاندا دانیشتووە، یەکێکیتریان ناوی عەبدوڵا بەگ بووە [لەوانەیە ئەویش هەر گەڵواخی بووبێ] خەڵووزەییەکانیش: ڕەشەی حەمەی کاکە سوور و ئەولقابەر ناوێک کە شوانی ئاوایی بووە. لە شەڕی عەشایری (شەڕی نێوان مەحموود خانی کانیسانان و حکومەتی ڕەزا شا لە بەهار-پاییزی ١٣٢٤/١٩٤٥ دا) خەڵووزە لەگەڵ دێکانی دەوروبەریدا چۆڵ کراوە و سووتێنراوە. پاش ماوەیەکی کورت دێهاتەکانی دەوروبەر بەرەبەرە ئاوەدان کراونەتەوە و تەنیا خەڵووزە بە کاولی ماوەتەوە. ئەوتری: شێخەدێکانی ئەرزەنە و نزارە کە لە هۆزی کۆنەپۆشین و نزیک بوون لە خانی کانیسانان (هاوسەرێکی

←

٢ــ هەر بە دەستی خۆی و بە هۆی تووش بوون بە نەخۆشینێکەوە هەڵبژاردەیەکی چەند سەد شیعری، لە گۆخلاندا سووتاوە.[1]

٣ـ شێخ محەمەدی هەسەناوڵە (برازازای حەسرەت) بۆی گێڕامەوە و وتی: پاش مەرگی کاکەم واتە شێخ سەعید[2]، شێخ عەلی برامان [کە لە ڕووی دەروونیەوە کەسێکی ناساخ بوو] سێ باوەش کتێب و دەفتەری لە ماڵی شێخ سەعید هێنایەدەر و ئاگری تێبەردان و ئەیوت: لە دوای شێخ سەعی نابێ هیچ خەتێک لە سەر کورەی ئەرزدا بمێنێ! شێخ محەمەد لای وایە کە بەشێکی زۆر لەو کتێب و دەفتەرانە هی شێخ ڕەزای دەرەوەران (باوەگەورەیان) و شێخ محەمەدی حەسرەت (مامەی دایک/خاڵۆی باوکیان) بووە.

٤ـ بەشێکی‌تر لە کتێبخانەکەی حەسرەت کەوتبووە لای «شێخ مەحموودی مێرگەدرێژ» و لە ئاکامی ئاوارەیی و چۆڵبوونی دێهاتەکانی مەریوان بە هۆی شەڕی ئێران‌ـعێراقەوە (١٩٨٨-١٩٨٠/١٣٦٧-١٣٥٩) لە لەشکرکێشییەکی ئێراندا بۆ ناوچەی پێنجوێن، مێرگەدرێژیش ماوەیەک چۆڵ کرا و دوای ئەوەی کە خەڵک گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، وەکوو زۆرێک کەلوپەلی‌تر هیچ ئاسەوارێک لەو کتێبانە نەمابوو...

مەحموود خان، ئەرزەنەیی بووە) ناڕاستەوخۆ دەستیان بووە لە ئاوەدان نەبوونەوەی خەڵووزەدا. هەرچۆنێک بووبێت ماوەیەکی زۆر دوای شەڕی عەشایری، چەند ماڵێک لە خەڵووزەییەکان لە خوار ئاواییەوە، لە خاڵێکی دەشتایی و بەرفراوانتر لە شوێنی پێشوو، گوندی قوڵقوڵەیان بنیات ناوە کە کانی و زەوییەکی خۆیان بووە بە هەمان ناوەوە. زۆربەیشیان کە لە دێهاتەکانی دەوروپشتدا ئاوارە بوون، هەر نەگەڕاونەتەوە.

١ــ شێخ‌مەحموودی مێرگەدرێژ لە حەسرەتی بیستووە.

٢ــ مەلا شێخ سەعیدی هەسەناوڵە (کۆچی دوایی: ١٩٧٩/١٣٥٨) کوڕی شێخ حەسەنی کوڕی شێخ شەمسەدینی هەنگەژاڵ و خاتوو سەکینەی کچی شێخ ڕەزای دەرەوەران (برا گەورەکەی حەسرەت) عارفێکی بەناوبانگ، ئەدیبێکی خۆش‌زەوق و «خاوەنی کەلام و کتێب» بووە بەڵام بە داخەوە شتێکی ئەوتۆ لە بەرهەمەکانی نەماوە.

حەسرەت و دنیای ئەدەب:

بە پێی: ١) ناوەرۆکی کەشکۆڵەکەی ٢) ئەو چەند پارچە شیعرەی خۆی کە ئیستە لەبەردەستدان؛ بۆمان دەردەکەوێ کە حەسرەت زمانی فارسی و عەرەبی بە باشی زانیوە و زاڵ بووە بە سەر زاراوەی هەورامیشدا. لەگەڵ بەرهەمی زۆربەی شاعیرە ناودارەکانی کورد و فارسدا سەروکاری بووە.

لە ناو شیعرەکانی خۆیشیدا؛ فۆرم و چوارچێوە کلاسیکیە جیاجیاکان بەدیدەکرێن، لە دەربڕیندا زمانێکی سادە و پاراوی هەیە. لە شوێنی خۆیشیدا کێشی عوروزی ڕەچاو کردووە [وەک موناجاتەکان] و تیایاندا زۆربەی وردەکارییە ئەدەبییەکانی شارەزایانە بەکارهێناوە. دەستێکی بالایشی لە هەجودا بووە.

شیعرەکانی حەسرەت لە ڕووی مەبەست و ماناوە چەند بەشێک لەخۆدەگرن، لەوانە: خۆشەویستی پێغەمبەری ئیسلام و ئال و بەیتی، ترس و هیوای شەفاعەت لە ڕۆژی پەسلان‌دا، ئامۆژگاری و ئەخلاقیات، دووری یاران و دەردی فیراق، چەرمەسەرییەکانی ژیانی خۆی وەک نەداری و نەخۆشین، بەرز نرخاندنی هەرەوەزی و هاوکارییە کۆمەلایەتییەکان، زەمکردنی چرووکی، توانج لەو دەسەلاتدارانەی کە هەر لە بیری خۆیاندان و چاویان لە حاند گیروگرفتی خەڵکانی دەور و پشت داخستووە و هتد.

ئەگەرچی ئەم باسە قسەی زیاتر هەڵدەگرێ، بەلام بە هۆی ئەوەی چەند شیعرێکی کەم لە حەسرەت ماونەتەوە و زۆربەی ئەو شیعرانەیش لە ئاستێکی ئەدەبی بەرزدا نین؛ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان کارێکی سەقەت و ناتەواو دەبێت. هەر بۆیە ڕۆچوون بە ناو پەیامە ئەخلاقی_کۆمەلایەتییەکانی شیعری حەسرەت و شرۆڤەی وردتر بۆ خوێنەران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی بەجێدێلم.

ئەم دیوانە:

ناوبەناو لە زاری خەمخۆرانی ئەدەبی کوردییەوە و لە ناو بنەماڵەکەیشماندا بە حەسرەتەوە دەوترا و دەمبیست کە حەسرەت شیعری زۆری بووە بەلام فەوتاوە.

خولیام بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ ئەم شاعیرە کارێک بکرێ و ناونیشان و بەرهەمەکانی زیندوو بکرێتەوە. بەڵام ئەو کارە هەر نەکرا و خۆیشم پرم نەئەکێشا لەم ئەرکە هەڵبچم.

لە پاییزی ١٣٩٠/٢٠١١ دا کتێبی «کاروانی پێنووس: شاعیران و نووسەرانی مەریوان و هەورامان» لە نووسینی کاک فاتێح مستەفایی هاتە بازاڕ و تیایدا ژیاننامەی حەسرەت و پارچە شیعرێکی چاپ کرا.[1] ئەمەیش بوو بە هاندەرم بۆ بەدواداچوون و سۆراغی شیعرەکانی شێخی حەسرەت.

مەریوانی بوون و خزم بوونی حەسرەت دوو هەلی باش بوون بۆم تا دوای تێپەڕبوونی ٧٠ ساڵ لە چوونی لە مەریوان و زیاتر لە نیو سەدە پاش ئەوەی کۆچی دوایی کردووە، بتوانم هەندێ لەو شیعرانەی کە هێشتا لە زەینی خزمان و خەڵکی ناوچەکەدا ماونەتەوە، کۆبکەمەوە.

بەخۆشحاڵییەوە لە هەنگاوی یەکەم و لە نێو کتێبخانەکەی باوکمدا، گەیشتمە خزمەتی کەشکۆڵەکەی حەسرەت. ئەم کەشکۆڵە و بەیازەکەی شێخ ڕەزای دەرەوەران؛ لە ناو ئەو پەڕتووک و نامیلکانەی حەسرەتدا بووە کە کەوتبوونە لای شێخ مەحموودی مێرگەدرێژ و باوکیشم حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵای نیکخا «سەفایی» بەر لە تالانی کتێبخانەکەی، لێی وەرگرتبوو و چەنای چەن ساڵە بە ڕێکوپێکی پاراستوویەتی و پێشینان چەند جوان وتوویانە: نرخی زێڕ وا لای زێڕنگەر..

پێنج پارچە شیعری سەرەتای ئەم دیوانە بە هەمان ڕیزبەندییەوە، ئەو شیعرانەن کە لە کەشکۆڵەکەی حەسرەتدا هاتووە.

ئەگەر لە گێڕانەوە و هێنانی ناونیشانی ئەو گوند و ماڵە خزم و ئاشنا و نائاشنایانەی کە سەردانم کردن و بە دەستی خاڵی گەڕامەوە دواوە یان ئەوانیش زۆر جاران بێدەستکەوت، بۆ لای کەس و شوێنی دیکەیان ئەناردم، خۆ ببوێرم؛

١ـ کاروانی پێنووس، فاتح مستەفایی، ناوەندی بڵاوکردنەوە ئاراس سنە، چاپی یەکەم، ١٣٩٠، لاپەڕەکانی ٦٨ تا ٧٣

باقی شیعرەکان لە گەڕان و پشکنین و پرسوجۆیەکی دوو ساڵەدا؛ لە لا، یان بە هۆی ئەم بەڕێزانەوە دەستم‌کەوتن:

- خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڵای حاجی شێخ حەسەنی ڕاوگان: هەجوێک و بەشێک لە شیعری «کاریەن دەردم»ی لەبەر بوو.
- شێخ مەحموودی شێخ سەمەدی مێرگەدرێژ (باوەگەورەم): چەندین شیعر و هەجوی حەسرەتی لەبەر بوو.
- کاک حەمەعەلی نیکخا (مامم) لە کتێبخانەکەی باپیرمەوە «حاجی مەلا ئەحمەدی ساوجی» کە دۆستی نزیکی حەسرەت بووە: دوو پارچە شیعری حەسرەت (بە خەتی خۆی) پێدام.
- شێخ محەمەد پەناهی (خاڵۆم): چەند کتێبێکی کتێبخانەکەی حەسرەتی لەلایە و پێی‌نیشان‌دام. حەسرەت لە پەراوێزی یەکێکیاندا چوارینەیەکی فارسی نووسیبووەوە.
- شێخ عەلی پەناهی (خاڵۆم): کاسێتێکی شێخ مەحموودی حافز (کوڕی حەسرەت) کە ساڵی ١٣٧١/١٩٩٢ لە ماڵی حەمەساڵحی کەرەمی ساوجیدا تۆمار کراوە، پێدام. شێخ مەحموود لەم کاسێتەدا وێڕای شیعری مامۆستا قانیع و هەندێک قسەی نەستەق و نوکتەی خۆش؛ هەر دوو شیعری «بەرداش» و «دۆعا و پاڕانەوە بۆ باران‌بارین»ی حەسرەتی خوێندووەتەوە.

هەرکام لەم بەڕێزانەیش دێڕێک یان چەند بەیتێک لە هەجوەکانیان لەبەر بوو و پێیان وتم:

- خوالێخۆشبوو حاجی قادر بەگی ڕەشید بەگی دێکۆنی دەرەوەران
- خاتوو عەدلە هاوسەری شێخ مەحمودی مێرگەدرێژ (دایەگەورەم)
- کاک ڕەحمانی حەسەنی ئەحمەدی مێرگەدرێژ (ڕەحمانی لالە سەن)
- محەمەد بەگی کەیخەسرەو بەگی کیکن (حەمە ئەمنە)
- حاجی مەجید خوسرەوی (کوڕی حەمە ئەمنە)
- دەروێش قادری سەعید بەگی کیکن
- عیزەت بەگی حەسەن بەگی کیکن

- شێخ عومەری شێخ عەبدولای ڕاوگان

جیا لەم خۆشەویستانە، بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە لە کەسانێکی زۆری دیکەیش لە سەر بنەماڵەی حەسرەت و مێژووی خەلووزە و بابەتی‌تری پەیوەندیدار بەم باسەوە، زانیاری و یارمەتیم وەرگرتووە و لێرەوە سپاسی هاوکاری یەک‌بەیەکیان ئەکەم.

پۆرترەی حەسرەت:

هەوڵێکی زۆرم دا بەلام وێنەی فتۆگرافی حەسرەتم دەست‌نەکەوت. ناچار پەنام برد بۆ ڕەسم‌کردنی پۆرترەیەکی خەیالی. بە ڕاڤەی ڕواڵەتی حەسرەت لە لایەن «دەروێش قادری سەعید بەگی کیکن»ەوە و بەراورد لەگەڵ ڕوخساری چەند کەسێکی ئەو بنەماڵەیە؛ هونەرمەند «سروە نیکخا» ئەم نیگارەی لێ‌کێشا و زۆربەی ئەو کەسانەیش کە شێوەی حەسرەتیان لە بیر مابوو، پەسەندیان کرد و بە لایانەوە گونجاو بوو. سپاسێکی تایبەتیش بۆ سروەی ئامۆزام کە پۆرترە و ڕووبەرگی دیوانی حەسرەتی ئامادەکرد.

بۆ دوا قسە: تکا لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە شیعری ئەم شاعیرەیان لەلایە، بیگەیەنن پێمان تا لە چاپێکی دیکەدا دیوانی حەسرەتی پێ تەواوتر بکەین و چەند وشە و لاپەڕەی‌تر بە کتێبخانەی کوردی زیاد بکەین. هەر لە ئێستاوە دەستی بەهاناوەهاتنتان بە ڕێزەوە ئەگوشین.

سەباح مەلا عەبدولا

سەرەتای زستانی ٢٧١٣ی کوردی ـ مەریوان

٢

شیعرەکان

موناجات

قیامەت هات و واوەیلا بە حـــاڵم یا ڕەسوولەڵڵا
بە غەیری تۆ نیە مەحشەر مەجالم یا ڕەسوولەڵڵا

کودوور و ژەنگی قەسوەت وا دڵی پۆشیم بە ناچاری
نەماوە زەڕڕەیە نووری کەمـــاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

لە نێو نامەی عەمەڵ نەمبێ بە غەیری شەڕ خودا چ بکەم
بە شوعلەی ناری عیسیان دڵ زوخاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

لە هینگامی وەفاتم بۆ نەجاتم من ئەکەم ئەرجوو
بە گورجی ناوەکەت بێتە خەیاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

لەگەڵ دینبەر خودا چ بکەم لە وەختی غەرغەرەی ڕۆحا
لە جێی بیمی هەرەس دانە بمـــاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

کە جەننەت جێی موتیع و بۆ موکافاتی عیبادەت بێ
وەها چاکە هەتا مەحشەر بنـــاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

بە ئومێدی شەفـــاعەت با بناڵێنم بە مەحزوونی
بڵێم هەر دەم بە ڕۆژ و ماهـ و ساڵم یا ڕەسوولەڵڵا

بە یەک جورعەی شەفاعەت قیمەتی نەقدی دڵ و ڕۆح بێ
بە قوربـــانت ئەکەم ماڵ و منـــاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

بە گریـــانی پڕسۆزەوە بە دایم با بڵێم هەر دەم
خودا ڕەحمێ بە حاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

کە «حەسرەت» مایلی عەشقی مەجازی بێ مەزاجی ئەو
ئەسەف بۆ مامەڵە و فیکری بەتـــاڵم یا ڕەسوولەڵڵا

غەزەلێکی فارسی

بنـــدهٔ شــرمنده‌ام خـــواهم خدایـــا بعـــد ازیـــن
رخ نهـــم بـــر آســـتانت از ســرِ صـــدق یقـــین

جـــان ز خوفـت، دل ز عفـوت، لـب ز توبـه، پـر کـنم
بـر امیــد مغفــرت هــر دم نهــم ســر بــر زمیـــن

دیـــدهٔ عبـــرت ز گریـــه جویبـــــــار خـــون کـــنم
از نهـــادم ســـر کُنـــد صـــد نالـــه و آهِ حـــزین

لمعـــه‌ای از نـــور حـــق شـــاید بـــه جـــانم ســر زنـــد
تـــا شـــوم روز جـــزا محبـــوب رب العـــالمین

چـون روم در زیـر سـنگ و سـر نهـم در خـاک گـور
حفـــظ گردانـــی مـــرا یـــا رب ز شیطـــان لعـــین

یـا رب از بهـر کسـی مَـه شـد ز اعجـازش دو نـیم
حشـر مـن خواهـد شـود بـا آل بیـت طاهریـــن

طـــاقت دوزخ نـــدارم تـــــن بــه آتـــش را مســـوز
واصـــلم خـــواهی بـــه قصـــر جنـــت حـــوران عـــین

صرف شـد عمـر گرانمـــــــایه کـه از جـرم و خطـا
بعد از این یـا رب مـدد کـن «حسـرت»ت از راه دیـن

برای عەزیزم ڕۆحم چاوەکەم!

برای عەزیزم ڕۆحم چاوەکەم لە جێی قەوم و کەس سابیر ناوەکەم[1]
بینایی دیدەم قوەی وجوودم مایەی حەیاتم عەینی مەقسوودم
باعیسی شادی دڵەی پڕ دەردم دەوای ئێشی دەرد هەناسەی سەردم
دووریت ئێشی دڵ مایەی هیجرانە مەحروومیت باعیس داغی یارانە
برا گیانەکەم دووریت زەرروورە دیدەم بۆ دیدەت خەیلێ بێ نوورە
کەوتوەتە بەینمان هەزار دەشت ودەر دڵ بۆ تۆ وێنەی شەرارەی سەقەر
عومری سەفەرت کورت و کۆتا بێ دوژمنت وە بای قودرەت فەنا بێ
ئیشەڵڵا بە عەون خودای لامەکان بە ئیزنی ڕەسوول ئەولادی عەدنان
دێنۆ بۆ وەتەن ئیشەڵلا بە خەیر زوو بە سلامەت بە سەفا و بە سەیر
یاڕەب لە غوربەت بریندار نەبیت بە توولی سەفەر قەت بێزار نەبیت
عادەتە برا تا ڕەنج نەکێشی قەت لەزەت نابەی لە کەیف و خۆشی
بێ‌تاقەت مەبە زۆری نەماوە بە عەونی خوا بێنۆ بەم‌لاوە
یاڕەب براکەم تۆ بێ‌زەرەر بی لە دەرد و بەلا دڵ بێ‌خەتەر بی
باقی والسّلام فیدات بێ «حەسرەت» زووبەزوو بێیتۆ بێ دەرد و زەحمەت

١ـ شێخ سابیری بالیکەیەر کوڕی شێخ حەسەنی چەوتانی، وێڕای خزمایەتی (ژنبەژنی: خاتوو فاتمەی خوشکی شێخ‌سابیر‌ـشێخ مەحموودی کوڕی حەسرەت، خاتوو ئەمنەی کچی حەسرەت‌ـشێخ‌سابیر) دۆستایەتییەکی نزیکیشی لەگەڵ حەسرەتدا بووە.

لە سەرکوتی یاخیبوونی سەید عەتا کەلدا، شێخ سابیر پۆلیس بووە و کاتێ سەید عەتا کوژراوە [١٣١٩/٧/١٥ـ١٩٤٠/١٠/٧] نەیهێشتووە سووکایەتی بە تەرمەکەی بکرێت، بەم هۆیەوە ماوەی دوو ساڵ نێردراوە بۆ ناوچەی سازانی هەڵەبجە. وا دیارە لە ماوەی دوورخرانەوەی شێخ سابیردا ئەم شیعرەی بۆ وترابێت.

هەزار سەلام بێ لە وەفا و سەفات

هەزار سەلام بێ لە وەفا و سەفات — لە عەقڵ و فەهم و لە شەرت و وەفات
لە ڕووی عیززەت و عەقڵ و فامەوە — بەو گشت لەتافەت ئیحتیرامەوە
نامەکەت ئاما نادرەی دەوران — لە لوتفت سروشک جە دیدەم واران
خۆ من نەمزانی وەفات وەهایە — ئەخلاقت لە نەوع بەشەر جیایە
ئەم نەوعە خولقە ڕەویەی خاسانە — ئەوسافت خاریج وەسف و بەیانە
یاڕەب تا ماوی بەم نەوعە بژیت — مەلوول و عاجز بێ عیززەت نەبیت
بە حوببی ئال و ئەسحابەی ڕەسووڵ — خەتمت بێ لە سەر فرووع و ئوسووڵ
چێش واچۆم ئازیز بەلام هامڕازەن — جەفا بە خەروار میحنەت دەم سازەن
ئیستە نە ڕا و یار نە واسیتەی بەین — نە ئەسبابی کەیف نە ڕووناکی زەین
زام زەدەی دەرد دووری یارانم — بێ‌کەس بێ‌هامڕاز خەستەی هیجرانم
بۆ مەیل بۆ مووبەت پەرێم دۆعایە — بەڵ بکیانۆ حەق پەی من شیفایە
بەڵکە قەبووڵ بۆ دوعای سەحەرگات — جەی بەلا «حەسرەت» بەڵ بۆن نەجات

ئەگەر مەیلت وەکوو جارانە قوربان

ئەگەر مەیلت وەکوو جارانە قوربان   مەجال و فرسەتی ئیحسانە قوربان
لە من غافل مەبە تا ماوە عومرم   فەرامۆشم مەکە ئیحسانە قوربان
مەگێڕە ڕوو لە من یاری وەفادار   جەزای چاکەت هەزار چەندانە قوربان
تەوەسسوت کە بە چاکە بۆ نەجاتت   (بروە)[1] عەجەب سەیرانە قوربان
شیفای هەر دەرد و خەم گەر مەرهەمێکە   دەوای دەردی گوناهـ ئیحسانە قوربان
قسەی من بگرە گوێ مایل بە حەق بە   وەفای دنیا کڵاوچەرخانە قوربان
موحیببی موخلیسی ئالی نەبی بە   دوعاگۆتم هەتا دەورانە قوربان
بپرسی گەر لە وەزع و حالی «حەسرەت»   هەموو هەر حەسرەت و هیجرانە قوربان

١ـ بەداخەوە نەمتوانی ئەم وشەیە ساغ بکەمەوە.

لەگەڵ موفسید هەموو ڕۆژم شەوی تار

لەگەڵ موفسید هەموو ڕۆژم شەوی تار[١] ڕەقیب ئێشی بە دڵ دایم وەکوو خار
ئەگەرچی ژین و مانم زەهرە مارە لە بەر ئێشی وجوود و دەرد و ئازار
وەلێ سەد شوکر لِلّٰه چوو مەراقم بە مەیلی من ئەسووڕێ چەرخی دەووار
لە بیم و وەحشەتی تۆ بۆ مەزەننە ڕەقیب ئەیکوشتم و ئەیدامە بەر دار
ڕەقیب مرد و نەما فەسڵی زمستان بەهارە نادیارە ڕوویی ئەغیار
خودا یار و ئەتۆ پشتوپەنا بی نیە باکم لە فیتنەی شەخسی بێعار
لە دەورەی شایەکی وەک تۆ نەبێ قەت بناڵێنم لە دەس تەعنەی جەفاکار
ئومێدم وایە تا ماوە حەیاتت وەکوو «حەسرەت» نەناڵێنی بە ناچار

١ـ ئەم شیعرەو شیعری دواتر: «هەتا ماوم...»م لە کتێبخانەکەی «حاجی مەلا ئەحمەدی سارجی»دا دەستکەوت. لایشم وایە حەسرەت ئەم شیعرەی بۆ ئەو هۆنیوەتەوە.

هەتا ماوم بە لوتف و ڕەحمی ئێوە چاوەڕوانم من

هەتا ماوم بە لوتـف و ڕەحمـی ئێـوە چـاوەڕوانم مـن
مەگەر بمرم لە سەر [ئەم] حالەتە بسڕێ زوبانی مـن

مەحالـە دەردەکـەم بـێ‌ئینتیهایـە قـەت شـیفای نایـە
عـەلاجی موشکلـە دەرد و غـەم و ئاهــ و فوغـانی مـن

ئەسیری دەسـتی تەقـدیرم لـە زینـدانی بیلاحەبسـم
بە زنجیری قـەزا پـێ‌بەنـد و مەمنووعـە دەبـانی مـن

دوچاری هیچ بەشەر نەبووە و نـەبێ وەک مـن گرفتـارم
لـە ئـادەم تـا بـە خاتـەم تـا بـە ئـەییام و زەمـانی مـن

بە تەفسیری ئەزانم «حەسرەتـە»ـا ڕوو زەردییـە تەفسـیل
عەیانە شەرحی حالی مـن چ موحتاجـە بـەیانی مـن

کارییەن دەردم

کارییەن دەردم کارییەن دەردم[1] | هامسەران دیسان کارییەن دەردم
خەریکی خەیاڵ کردەی چەپگەردم | وە ڕووی زامەوە ویڵی ڕووی هەردم
مەحبووبەی شاهان دڵپەسەنم ڕۆ | زوڵفان چون زنجیر عاشق بەنم ڕۆ
خەرامانی چین لارە و لەنجم ڕۆ | زولەیخای یەمەن نە سای گەنجم ڕۆ
شیرینی ئەرمەن عیشوە و نازم ڕۆ | شەهێنی تەڕلان دیدەبازم ڕۆ
لەیلێ عامیری ساحێب وەفام ڕۆ | ....
مەمان وێنەی بەی باخی بەرین بی | هەزارێ پەریش دڵ‌ئایرین بی
دەک شەخسە دەست ڕێزەڕێزە بۆ | جەرگت نیشانەی موغای نێزە بۆ
جە دیدە کۆر بای جە زوان لاڵ بای | بە گرپەی ئایر دەروون زوخاڵ بای
خونچەی بولبولان هەڵتکەند جە بێخ | دەک یارەب ئەعزات لەتلەت بێ بە تێخ

١ـ بەگزادەیەکی کۆماسی دڵی لە ژنەکەی پیس بووە و کوشتوویە، لە کاتێکدا کە ئەو ئافرەتە داوێنپاک بووە. ئەم غەدرە حەسرەتی هانداوە بۆ دانانی ئەم شیعرە کە وادیارە لەمەی ئێستە زیاتر بووبێ. باس لە سەر «قەتڵی ناموسی» بەمشێوەیە لەو سەردەمەدا، جێگەی تێرامانە و ئاستی بەرزی تێگەیشتن و هەڵوێستی پێشکەوتووانەی ئینسانی حەسرەت نیشان دەدات.
دێڕەکانی یەک، دوو، شەش و نیوەی دووهەمی پێنجم لە «شێخ مەحموودی مێرگەدرێژ» بیست و ئەویشی لە «خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڵای ڕاوگان»

بەرداش[1]

بە تـەوفیقی حـەق بینـای کردگـار — بە عـەونی خـوای غـەفوور و غـەفار
بـــەردیکم هێنـــا لـــە هاربــــڕەوە — بــە کۆلـــی هێســـر ســـەحرا بـــڕەوە
هێسر هی کێ بوو؟ هـی مـەجیخانـە[2] — ئەولادی ئەرشەد شای کـورد زوبانـە
قوربـانی ئـەلتاف سـەرداری عـامم — گـەورەی عەشـایر نەتـەوەی سـامم
شازادەی بوزورگ مەجی خـانی گـورد — دەمانچە بڕنـەو، سـاحێب دەسـتوبـرد
لە خزمەتیا بووم شەوێ لـە شـەوان — لە دێی دارۆخان لە تـۆی دیوەخـان
پاڵ بە موتەککا بەزمم بـە کـام بـوو — شـام و نـەهارم حەسـبولمەرام بـوو
هێســر و پیـاوی پـێ عـەتا کـردم — لــە هاربـــڕەوە تـــا گـــۆخڵان بـــردم
تــا هێنامــە نــاو قــەومی گــۆخڵان — بە ئیمدادی حـەق خـوای لامـەکان
شەو لە ناو مزگەوت مـەقامی عـالی — وتم بـــە مــــەخلووق بـــە لائوبـــالی

١ـ لە کاسێتەکەی شێخ مەحموودی حافزەوە وەرمگرتووە.

٢ـ مەجید خانی دارۆخان، کوڕی حەمەڕەشید خانی بانە.

حەسرەت دۆستایەتییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ حەمەڕەشید خاندا بووە. لێرەدا بە «شای کورد زوبان» ناوی لێدەبات. لەوانەیە بەشێکی زۆر لە ئێنتیما نیشتمانییەکانی حەسرەت لە خۆشویستن و پەیوەندی لەگەڵ ئەو سەرکردە بلیمەتەدا خۆی نواندبێت.

ئەو شەو مامەوە بە چەن خەیالات — بە سەد وەسوەسە هەتا ڕۆژ هەڵهات
سوبح و ئێوارە لە ماڵی قادر — موحیبب و موخلیس بۆ خزمەت حازر
لە پاش نانخواردن چووینە سەر بانان — بۆ ئینتیزاری جەمعی جوانان
لە ناکاو هاتن جەمعی هەرزەکار — لۆسیان بەست لە بەرد بە ئەمری جەبار
مەردی مەیدانم فەتحوڵای نازدار — پڕ زۆر و پڕ زات هەر وەکوو شمقار
سەد بارەکەڵا لە سەعا و حەمە — بە سەد داستان تاریفیان کەمە
حەمەی پوور خانم ڕۆحی ڕەوانە — ڕەحمان پڕ غیرەت زوبدەی مەردانە
خواله و عەبدوڵا ساحیب سالارن — غیرەت بێشومار زۆر ساحیب عارن
بەرداشیان هەڵگرت هەر وەکوو بای وەشت — تێپەڕیان پێکرد لە سەحرا و لە دەشت
بە زۆری بازوو هەر وەک دار بەلەک — هیچ دایان نەنا تا ملەی مێلەک
ئەمن بە دۆعا و عەبە[1] بە تەکبیر — بە ئەڵڵا ئەڵڵا و بە یاپیر یاپیر
عەبەی برایم بێکەرەم وەک من — هەر دوو بێکارە بێقودرەت وەک ژن
دەک عەبە خوا هەردووکمان ببڕێ — من پوولێ نازێم تۆیش تس و تڕێ
عەبە شرنگەی دا چووە ژێر لۆسێ — پووتێ تڕی دا بە تەنیا بۆسێ
وتم فەتحولا ئەوەی قارەمان — بیگرە لە عەبە خراپی قۆمان
ئەو پێلەوارەی لە عەبە وەرگرت — فەتحولا پڕ زۆر ئازا و دەستوبرد
یاران هاوردیان هەر بەو برووزە — هیچ دایان نەنا تا بە خەڵووزە
وارید بە خزمەت «بابی عاسە»[2] بووین — بە نای نامبارک ماڵ و ژن و شووین
وتم دەخیلە یاران میوانن — عەزیزی منن ڕۆحی ڕەوانن
خەستەو هیلاکن چارە و عەلاجێ — ئەمە ئاگرە و پەیاکە ساجێ
زۆریان برسیە دەخیل عەلاجێ — بینێرە سەرم تۆمار و تاجێ
دەخیل سەد دەخیل زووکە هەرچی هەس — دۆ بێ یا شۆرباو یاخۆ چێشتێ خەس

١ـ عەبەی برایم: مامەی خولە عەزەی ساوجی، ئاشەوانی ئاشەکەی حەسرەت بووە لە خەڵووزە.

٢ـ بابی عاسە: هاوسەری حەسرەت.

یاران بەرداشیان بە شان هێناوە
قـوەت و هێزیـان هـیچ تیانـەماوە

وتی جا چی بکەم بە خوا و بـە قورئان
من هیچ شک نابەم نە چێشت و نە نـان

وتم لای «ئیساف» گیروبـەر مەحکـەم
بلێ چـار نیە هـیچ مـەخۆ قەسـەم

تـەواو دامـاوین پـەنام هێنـاوە
نەچێشـتی شـەلەم نـە دۆ و ماسـاوە

ئائەمـە پوولـە و ڕۆنم بـۆ بکێشـە
میوانمـان زۆرە و خـاترم ڕێشـە

یایـە هاتـەوە بـە بۆلـە و تۆلـە
وتم چـی بـووە مەیکـە بـە قوولـە

وتی هـیچ مەلـێ کـەم دابخـورە
بـە تـۆ ناکـەوێ ئـەم ترەتـرە

بمری بۆ کەشکێ یـا بـۆ جامـێ دۆ
ئەیـرێژن نایـدەن بـە مـن و بـە تـۆ

خـودا ببـڕێ مـاڵ و ئەحوالـت
گووی سەگ بە خەپلەی وەک زەهـری تاڵت

گووی بۆرەی تێ بێ لە ماڵداری وا
بـێ نـان و بـێ دۆ مەقسـوود نـاڕەوا

بە هـەر نـەوعێ بـوو یـاران گـەڕانۆ
منـیش مامـەوە بـە ئـێش و ژانـۆ

ئەمڕۆ لە سایەی جـەمعی جـەوانان
پەروەردەی وەتەن خـاکی گـۆخلان

خورسەند و مەسروور شادیم حاسڵـە
نوخشە پێگەیی بـۆ «زبـە و خولـە»[1]

با بچینۆ سەر وەخت یارۆکـەی بـێنـان
یەعنی حاجیەکەی دێکـەی دارۆخـان

خەسیس و چرووک ڕەزیـل و نابـار
گوونەکەر وەک خۆی لـە میـوان بێـزار

بە شاڵێ سەوزۆ ڕووم کرد لـە ماڵـی
بـەلا لـە خـولقی تـف لـە ئەحواڵـی

نمـەکم نـەکرد هەڵسـا دەرپـەڕی
پەردەی بێشەرمی لە ڕوو هەڵبـڕی

بـڕۆڕۆ یاشـێخ هـیچ بـەردم نیـە
ولاخـت کوانـێ فرمانـت چیـە

کەوشی کردە پێی لە درگا دەرچـوو
ئێمەی بەجێهێشـت حـاجی زووبـەزوو

ناعەلاج هەڵساین دڵ بـە حەسـرەت ڕێش
دوای کەوتین بۆ ماڵ مەحموودی دەروێش

ئافەرم مەحموو لـە خـۆت و ماڵـت
لە حـاجی کـەوێ قـەزای گەماڵـت

غـەریب نـەوازە و میـوان پـەزیرە
نەک وەکوو حاجی خاریج لـە خێـرە

١ـ زوبەیدە و مەحموود ناوی دوو منداڵی حەسرەتن.

وەک ئەوەی لێرە بەدوا شیعرێکی‌تر بێت یان پەردەیەکی جیاواز لە داستانی بەرداش، شێخ مەحموودی حافز ناوا درێژە بە خوێندنەوە ئەدات: «جا لێرانا ئەڵێ..» ئەیشڵێت ئەو کەسە ناوی «حاجی رەحیم» بووە.

له مالی مەحموود حەسایئۆ تەواو
تێر بووین له چایی لە کووکە و ماساو
یارەب قەزای گشت قەومی گۆخلان
کەوێ له حاجی دیکەی دارۆخان
نان و نیعمەت و ئیمانتان بەزیاد
تا ماون یارەب بمێنن بە شاد
تا ئەمرم شەرتە لای شاهی شاهان
دۆعاگۆتان بم قەومی گۆخلان
پیاوێ وەک فەرەج حەمەی کاکە سوور
ساحێب زیکر و فیکر، ڕووی وەک چرای نوور
سەخی وەک حاتەم دەروێش ڕەحیمە
موحیبب و موخلیس تەواو کەریمە
گاجووت و نانێ لە لای یەکسانە
مەشهووری عامە تەواو ئینسانە
مەخسووسەن حاجی محەممەد کەریم
تەشریفی برد بۆ بەیتولای عەزیم
لە بەر خاتری فەرموودەی خوا
سەرفی پوڵی کرد حەجی جێهێنا
شەخسێکە کامڵ ساحێب ئیمانە
دارای ئیعتیبار نان و ئیحسانە
خوا ڕەوای بینێ ماڵ و ئەولادی
بە خێر و تاعەت بە کەیف و شادی
عەبەی مام دەروێش زۆر میهرەبانە
ئیتر نازانم چەندە ئینسانە
باقی بۆ مەجموع قەومی گۆخلان
سەلام لە هەموو خولق و وەفاتان

***

دۆعا و پاڕانەوە بۆ بارانبارین[1]

یارەب موحتاجم یارەب موحتاجم   یارەب بە تۆیە چار و عەلاجم
یارەب سفید کەی رووی وەکوو ساجم   ڕەواج بەی سکەی زۆر ناڕەواجم
بۆ نیشانەی خەم هەر وەک ئاماجم   بێماڵ و دەوڵەت بێخەرج و باجم
بە تۆ موحتاجم یا شاهی شاهان   یا «مالِکَ المُلک» کار بە دەس ئاسان
یارەب بە حاجەت ئەولیا و خاسان   گوشاد کەی موشکڵ جوملەی حەقناسان
داماو و ماتڵ بێڕزق و ڕۆزی   وام لە خەیالا بۆ ڕزقی سۆزی
ڕزق و بەراتم نیوە ئاشێکە   ئومێدی قەویم یەک بەرداشێکە
بەرداش حازرە ئاشم بێئاوە   ئاشیشم ئیحسان بەگزادەی خاوە
خێری ساحێب خێر بێئاو وەستاوە   بۆ ڕەحمەتی تۆ چاوێ سەد چاوە
ماڵ و منالم چاوەڕێی مزەن   بێنان و بێدۆ بێڕۆن و چزەن
ئەمە چ وەختە نیوەی زستانە   عالەم وشک و ڕەق بە بێ بارانە
ئەر لەبەر منە باران نابارێ   با نەگبەتیی بەم بڕۆم بۆ شارێ
مەیلت وا بە لای دەوڵەمەندەوە   بە دارای ئەسباب چایی و قەندەوە
مەشغووڵی کاری ئێمەی بەدبەخت بە   موشکول گوشای کار ئێمەی سەرسەخت بە
بە جارێ ئەوا مردین لە برسا   بەفر و بارانێ بێنە وەک ئەوسا
یارەب بە ئیعجاز سی جزمەی قورئان   خەلە هەرزان کەی بە عیشقی خاسان
باران بارێنی لافاو سەرواز کا   بە هەرد و دەشتا وەک تەیر پەرواز کا
لافاو دەشت و دەر تەواو داپۆشێ   بێدەنگی تا کەی فەلەک خرۆشێ
تا کەی ئینتیزار بەفر و باران بم   لە نائومێدی گەستەی ماران بم
بۆ مزەی گاڵی تاڵە داماوین   فرە ئینتیزار کووکە و ماساوین

١ـ ئەم شیعرە لە کتێبی کاروانی پێنووسدا هاتووە. گوایە ئەویش لە کاسێتەوە دایبەزاندووە، بەڵام تەواوی شیعرەکە نیە و هەڵەی چاپیشی زۆرە.

یـارەب نامـەوێ بنکـرِی پـڵاو   ئـەوە بـۆ مەتبـەخ بەگلـەرانی خـاو
گۆشتی فرووجت لێ تەلـەب ناکـەم   خـودا بمگـرێ ئەگـەر داوا کـەم
کـەبابم نـاوێ گۆشـتی مـەڕ نـاخۆم   کوردم بە کـوردی فێـری نـان و دۆم
جلـی گـازرانی ناکەمـە بـەرم   ڕەشـتی و جامانـەم نـاوێ بـۆ سـەرم
مـایینم نـاوێ بـۆ سـەر و سـواری   نامـەوێ ڕەعیـەت خـەرج و بێگـاری
لاکـێش و قالـیم نـاوێ بـۆ دیـوان   چیمە لە بگـرە و بـەردەی دیوەخـان
فیکری تەخت و بـەخت خوسـرەوان ناکـەم   داوای گەنج و ماڵ مەحموود خـان[٢] ناکـەم
خـاو و مـیراوام نـاوێ تـا باشمـاخ   نامەوێ حوکمی گـەڕووس و لـەیلاخ
بۆچیمـە بـەزم و دەبدەبـەی ئێـران   سەرپاکی بۆ کـەیف خـانی مـەریوان
لوولـەی ئـەقراوی جگـەرەی سامسـۆن   نامەوێ لەگـەڵ قرچـەی پیـاز و رۆن
موخلیسی کووکەی گـاڵ و دۆکەشـکم   دوژمـنی چـایی تاڵـی بەدتەشـکم
هەجوی دیشلەمەی چایی تـاڵ ئەکـەم   موحتـاجی نـانم داوای گـاڵ ئەکـەم
ئارەزووی مـاس و کووکـەی گاڵـمە   بێنـانی غوسسـەی مانـگ و ساڵـمە
پـڵاوی چـەور و هـەورامیی سـاجی   ئەویش بۆ دیـوان ئاغاکـەی سـاوجی
نامـەوێ بـووکی تـازە و بـەناواز   بـۆ عەیشـی شـەوان بـۆ ڕاز و نیـاز
ئەوە بۆ مەحموود حەیدەری نـەژاد[١]   «حەسرەت» بۆچیەتی بێنان و بـێزاد
سکەی ئەسکەناس ڕەزای پەهلـەوی   تـەڵای دەستەوشـار کووپـەی خوسـرەوی
نامـەوێ یـارەب هیچیـان ئەمانـە   مەقسـەدم ئـاو و بـەفر و بارانـە
ئاو بێتە گـەردش مـزە هـەرزان کـا   «یایێ» تەبەکمان بۆ پـڕ لـە نـان کـا
مەشکەی پڕ لە ماس کەرەی دیزەی سـوور   ئەویش بۆ مـەولا[٤] پـیری مێرگـەدوور

١ـ مەحموود بەگی لێو ئاغەی وەختی سارجی بووە و لەو دەمودەستەدا ژنی دووهەمی هێناوە.

٣ـ مەبەست: مەحموود خانی کانیسانان

٤ـ مـەولا (پیری مێرگـەدوور): مەبەسـت «مامـە شێخـەلی مێرگـەدرێژ»ە کـە پیـاوێکی دەوڵـەمەند بـەڵام دەستفونجاو بووە.

... زل میـزەر زل مەشـکە و مـەلان زل — ساحێب جنۆکە فەسیح وەک بولـبول
لـە نـاو عالـەما قوتبـێ تـەواوە — سـاحێب بزگـەل و کـووری خەسـاوە
ئـەهلی سـەرشـیوی زۆر بارەبـەرن — ئـەویش بـۆ مـەولا بـە تـەواو کـەرن
«حەسرەت» دانیشە ئیتر بێ‌دەنـگ بـە — لە بەحری خەمدا هـەر وەکـوو سـەنگ بـە
یـارەب ئاشـەکەم بێنیتـە گـەڕان — بـە یادمـان بکـە بـە بـەفر و بـاران
ئەگـەر ئاشـەکەم بگـەڕێ بەسمـە — عەبـەی بـرایم خـۆ فریـاد رەسمـە
زۆر بە ئیخلاسـە تـەواو حـەق‌ناسـە — ئـەزانێ لـە مـاڵ چ دەنـگ و باسـە
فـرە عاقڵـە بـەلام زۆر کـزە — کـا دروسـت ئـەکا بـە دیـزە مـزە
مەخسووس شێخ حسەین[1] قـەومێ مەخسووسـە — فیکـری بـە وێنـەی قسـەی قامووسـە
فـرە عاقڵـە ژیـرێ تـەواوە — جـەرگی بـۆ خالـۆی تـەواو بـرژاوە
گـەر خـودا بکـا گـەڕێ ئاشـەکەم — لە سایەی شێخۆ سـەرفێ بـاش ئەکـەم
دەرویـش عەبـدولا وەسـایە باشـە — بـەلام ئاردەکـەی ئەڵـێی کـا ماشـە
بیرازیـش ئـەکا و ڕاسـتەی ئـەگرێ — مالـی ئـاوا بـێ و کـوڕی نـەمرێ

***

١ـ شێخ حسەین خوشکەزای حەسرەت و هاوسەری خاتوو سەکینەی برازای حەسرەت.

تاکە شیعر[1]

یارەب بە خاتر شەفیعی مەحشەر　　　گونای «حەسرەت»ت نەدەی وە دەفتەر

*

بۆ تەمامی خەلق یەکسەر مەعبەرە　　　نموونەی ڕێگەی شەرعی ئەنوەرە

*

چوارینە[2]

گیزەی سەماوەر دەماخ چاخ ئەکا
چای ئەبوو جەمال ماڵ پەرداخ ئەکا
گیزەی سەماوەر لە گوێشم بڕیا
ئیتر ئەو عەیشە کوڵەی تێ‌تریا

*

الهی این جهان آتش بگیرد　　　بغیر از سه نفر، کُلش بمیرد
یکی یار و یکی دلسوز یارم　　　یکی گریه کند بر حال زارم

١ـ لاپەڕە سەرەتاییەکانی کەشکۆڵەکەی حەسرەت نەماوە و ئەو دەفتەرە بە تاکە شیعری یەکەم دەست پێدەکات کە وادیارە دوا دێری شیعرێکی درێژ بووە. تاکە شیعرەکەی دیکەش لەو لاپەڕەیەدا بوو کە دوو پارچە شیعری تێدایە و لە کتێبخانەی حاجی مەلا ئەحمەدی ساوجیدا دەستم کەوت.

٢ـ چوارینە کوردییەکەم لە شێخ مەحموودی مزگەدرێژ بیست و فارسییەکەیش لە پەراوێزی کتێبی (فقه محمدی، آیەالله مردوخ)دا نووسراوە کە هی حەسرەت بووە و «شێخ محەممەد پەناهی» کوڕە گەورەی «شێخ مەحموودی مزگەدرێژ» بەر لە فەوتانی کتێبخانەکەی حەسرەت لە مزگەدرێژ، گرتوویەتیە لای خۆی. لە خوار شیعرەکەوە نووسراوە: قلمی گردید در روز یکشنبه ماه رجب سنه ١٣٧١ آه محمد الحسینی، وازۆ.

بۆ حاجی سالحی ساوجی[1]

حاجی بە بێ ... تۆ لە ژنت چی؟   لە گەورەکچێ ساحێب بنت چی
بۆ یەکێ باشە دەسبازی و هەوەس   عەسای سەر خڕی بگرێتە سەر دەس
وەک ئەسپی سەرکەش گەردن بلند کا   هەر وەکوو ڕەشمار سەری خۆی گوم کا
تازە بە تەمای عەیشی «سەمەن»ی   سەمەن پێت ئەڵێ لاچۆ بۆگەنی

بۆ حەسەن بەگی بۆیەن[2]

ئەڵێن لە «بۆیەن» بۆگەنت بڕا   هەر وەکوو لۆتی دمەکت دڕا
خۆتم نەدیوە ئەشعارم دیوی   بۆم مەعلووم بووە کەری «سەرشیو»ی
سیخم سوورکەمۆ لە کوورەی پاشت   بیکەم بە سندان «میک» و «حەوتاش»ت

١ـ حاجی سالحی حەمە هەمزەی ساوجی لە تەمەنی ٩٠ سالیدا، لەگەڵ حاجی سالحی مجەی زارا، کچ بە کچی: ئایشێ‌ـسەمەنیان کردووە. سەمەن لەو کاتەدا مێرمنداڵێکی ١٤ ساڵە بووە.

٢ـ ڕەحمانی لالە سەنی مێرگەدرێژ وتی: حەسرەت بە داوای سەعید بەگی بانالان ئەم هەجوەی نووسیوە. حەسەن بەگ ئامۆزای حەمەڕەشید خانی بانە و مالیکی بۆیەن و میک و حەوتاش بووە. کە هەجوەکە ئەبیسن، زۆر قەڵس ئەبێ و ئەڵێ: هەر کەس ئەمەی وتووە دەبێت بیکوژم. حەمەڕەشید خانیش لێی تووڕە دەبێ و دەڵێ: ئەوە هی خالۆ شێخ محەمەدی خۆشەویستی منە، ئەشێ لەبری ئەو هەجوە، دوو تەنەکە چەڵتووکی بۆ بنێری!

بۆ حەسەنی حاجی سەعیدی خەڵووزە[١]

حەسەنی حاجی زرنگ و هۆشیارە

ئەو هەڵنەخولێ هەر وەکوو تەشی
جاروباری دێ بۆ مزە و بەشی

ئەو هەڵنەخولێ وەک مشتەی دۆمی
ئەوە بزانە جاری لێی قۆمی

بۆ کەنەک بەگ[٢]

کەنەک کەنەک بە بۆ خەم مەخۆ
ئەزەل وا بووە بۆ من و بۆ تۆ

ئەگەر قسەی خۆش پارەی کردایە
ئەبوا کەنەک بەگ کوڕی شا بوایە

لەگەڵ خۆیدا[٣]

فەسڵێ هەڵئەستای ئەبووی بە تێلا
بە بێ شێف و وەرد بوورەت ئەکێلا

ئێستا هەڵناسی و ناچی بەو کونا
دەویتیت هێنا بە شانی منا

شەکل‌بەگ:[٤]

لووت وەک قەلای خاو قنگ وەک چنگینە
ئەسکەناس بێنە و زەڕات بسێنە

چی کەم لە «کاکل»ی پێ‌سەرملبردوو
چی کەم لە «خوالێ»ی لەبرسامردوو

لە ماڵ «نەسروڵا» تا ماڵی «حەمباش»
هێندەم دەست نەکەوت بینێری بۆ ئاش

١ـ شەریکی حەسرەت لە ئاشەکەی خەڵووزەدا.

٢ـ مەحموودبەگی باثالان لە هۆزی میران‌بەگی، دۆستی حەسرەت و پیاوێکی شۆخ و سوحبەتچی بووە.

٣ـ پاش تووش بوونی حەسرەت بە نەخۆشینی پڕاستاتەوە، بە هێنەکەی خۆیدا ئەم هەجوەی وتووە.

٤ـ شەریف بەگی ئاغە بەگی نەچن، برای زۆراب بەگ لە هۆزی میران‌بەگی؛ لەگەڵ حەسرەتدا هەندێ هەجویان گۆڕیوەتەوە. شێخ مەحموودی میرگەدرێژ پێی وایە: شەکل‌بەگ نەخوێندەوار بووە و مەلا ئەحمەدی ناری‌زادە کە لەو کاتەدا مەلای نەچن بووە ئەم شیعرانەی بۆ نووسیوەتەوە.

حەسرەت:

«......» هـــەی ژن بـــێ‌دەرپـــێ بـــۆچی زەڕاتمـــان گـــران ئـــەدەنێ

شەکل‌بەگ:

قەت شێخی وەک تـۆم هـەرگیز نـەدیوە تـــڕت ڕوخســـاری دێـــوی بـــڕیوە

حەسرەت:

«شەریف‌بەگ» شەرەف نیە پێتـەوە تەماشـــای خـــۆت کـــە ئەبڕیەتـــەوە

«میران‌بەگ» نەمرد بـە وەجـاخ کـوێری کاغەز ئەنووســـی لـــە تـــوخمی ...ی

بەسە شەکل‌بەگ ئەحمـەقی گـوێ لـەق ئابڕووی میران‌بـەگ مەبـە بـە ناحـەق

بڵێن بە «زۆراب» شەکل بـە ڕووتی هەڵـــبپەڕێنێ وەک ورچـــی لـــۆتی

شەکل‌بەگ:

ئەگەر نازانی من «شەکلە کـوێر»م فوو کە لە ئاگر قـــنگ کـــە لـــە ...م

«عاسە» دەری‌کـە «عـەلێ» بیـــڕفێنە ســـەگەلی تێکـــەن ڕوو بـــە چنگێنـــە

بـا لـە چنگێنـە و بـە هـاوار هـاوار ڕوو بکاتـــە ملـــەی کەڵەگاســـوار

حەسرەت:

شەریف چی بڵێم لە تەرک و تووزت ...ی «مچەڵە»م بڕییە گووزت

بۆ حەیات نیە گەوجی بێمەزە بۆچی نابەزی پاشت بەم گەزە

قسەت پێبڵێم ئەولاد باوەش کەی دنیا دادڕی سەرلووتت ڕەش کەی

قینم دابێنی ئەڵێم بە «حاجی» بتکا بە ڕێوی بۆ توولە و تانجی

ڕقم دابێنی ڕەقم سیس ئەکەم لە پاشی پیست پاکم پیس ئەکەم

حەسرەت:

شەریف ئێ وەڵلا شەریف ئێ وەڵلا تەسالحە بکەین تۆ کەلامولڵا

شەکلبەگ:

بە قەبری باوکم بە سەری کاکەم «عەلی»م نەدەیتێ تەسالحە ناکەم

***

٣

پاشکۆ

شێخ ڕەزای دەرەوەران:

نەزانینی چەندوچۆنی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی و ئاستی لەکیس چووونی ناونیشانی ئەدیبەکانمان و بەرهەمەکانیان؛ ناپێوری و لەوانەیە هەرگیز بەرایی ئەو خەسارەمان بۆ دەرنەکەوێ. «شێخ ڕەزای دەرەوەران» بەڵگەیەکی ئەم ڕاستییە تاڵەیە. ئەم شاعیرە ون ناو و شیعر ونەم لە سای گەڕان و پشکنین بۆ شیعری حەسرەتی برایدا ناسی و تا ئیستە لە هیچ سەرچاوەیەکی ئەدەبی و مێژوویدا باسی لێنەکراوە.

ئەوەی کە سەبارەت بە ژیانی دەستمکەوت: شێخ ڕەزا عارفێکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە و خۆشەویست و جێی باوەڕی خەڵک بووە و ڕێزێکی یەکجار زۆری لێ‌گیراوە. گڵکۆی لە گۆڕستانی پیری نزارە ڕەشی دەرەوەراندایە و شیفاخوازان لە گوندەکانی دەوروبەرەوە دەچنە سەر مەزارەکەی.

شێخ ڕەزا برا گەورەی حەسرەتی شاعیر بووە. لەوانەیە لە شوێنی دیکەدا خوێندبێتی[1] بەڵام لە سەر دەستی مامۆستا ناری (مەلا کاکە حەمەی بێلوو) خوێندنی تەواو کردووە و پاشان چووەتە ئاوایی دەرەوەران. مەزەندە ئەکرێت لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠-١٨٨٠/١٢٩٨-١٢٥٨ دا ژیابێت.

---

١ ـ لە تەنیشت تاکە شیعری «هەر گوڵ نەشتەرێ هەر سوسەن خارێ/هەر چەمەن زیندان هەر شەتاو مارێ»ی ناو بەیازەکەیدا نووسیویە: در چمن خسروآباد به یاد عزیز آغا نوشتم لکاتبه مریوانی

لە هێرشی ڕووسدا (١٢٩٦/١٩١٧) شێخ ڕەزا لەگەڵ دوو شوانی ئاوایی دەرەوەرانـدا لە لایەن ڕووسەکانەوە بە دیل گیراوە. دەستبەجێ هاوڕێکانیان کوشتووە و ئـەویان لەگەڵ خۆیاندا بردووە. شێخ ڕەزا لەو کاتەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ بێسەروشوێن بووە و دوای هاتنەوەی دەرکەوتووە کە لە «قەوقاز»دا زیندان بـووە. بـە زیرەکـی خـۆی توانیویەتی بەرپرسانی ئەو وڵاتە قەناعەت پێبهێنێ کە بەریدەن و بە لێهاتوویـیـەکی زۆرەوە خۆی گەیاندووەتەوە مەریوان.

نەکوژرانی شێخ ڕەزا بە دەستی ڕووس و ڕێگە دەربردنی لە قەوقازەوە بۆ کوردستان لەو هەلومەرج و سەردەمەدا؛ وەکوو کەرامەتێک دەگێڕنەوە..

شێخ ڕەزا یەک دوو ساڵێک دوای گەڕانەوەی لە سۆڤـیەت* لـە تەمـەنێکی کـەم و نزیک بە کاملیدا، بە نەخۆشینی «مایەسیری» کـۆچی دوایـی کـردووە و لـە پـاش خۆی خێزانیشی شووی کردوەتەوە بە مەلا شێخ محەمەدی حەسرەت (برا بچووکی شێخ ڕەزا). شێخ ڕەزا دوو منداڵی لەشوێنجێماوە: حاجی شێخ حەسـەنی ڕاوگـان [باوکی شێخ عەبدوڵا و شێخ عەلی ڕاوگانی پێنجوێن] و خاتوو سـەکینە هاوسـەری شێخ حسـەینی شێخ شەمسـەدینی هەنگەژاڵ [دایک و باوکی شێخ سـەعید و شـێخ عەلی و شێخ محەمەدی هەسەناوڵەی مەریوان]

بە وتەی کاک شێخ عومەری ڕاوگـان (کـوڕەزازای شـێخ ڕەزا) بـەیازە ونبووەکـەی شێخ ڕەزا کە لە پێشەکی ئەم کتێبەدا باسکراوە؛ زۆربـەی هـەرە زۆری دەقـەکانی

---

*لە قاتوقڕییەکەی دوای شەڕی ڕووسدا، بە هۆی بڵاوبوونەوەی چەند نەخۆشینێکی گشتگیری وەک: وەبا و گوڵی و تووشبوونی خەڵکی دەرەوەرانیش بەو دەردانەوە، ئەم گوندە چۆڵ کراوە و خەڵکە تەندروستەکەی لە تەنیشت دەرەوەراندا ئاوایی دێکۆنیان پێکهێناوە. ئاسەواری دێکۆی دەرەوەران هێشتا ماوە و لە نێوان سێ‌کوچکەی: دەرەوەران، ناوەچڵە و هانەشێخان لە ناوچەی خاومیراوای مەریواندایە. دێکۆن بریتی بووە لە بیست تا بیستوپێنج ماڵ و مزگەوتەکەیان. دوای گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ دەرەوەران و ئاوەدان کردنەوەی، دێکۆنیش تا سەرەتاکانی دەیەی نەوەدی زایینی هەر ئاوەدان بووە. لەبەر ئەوەی کە خەڵکی ناوچەکە بە شێخ ڕەزای دێکۆنیش ناوی دەبەن، ڕەنگە پاش گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، دەرەوەران ئاوەدان نەبووبێتەوە و پاشماوەی ژیانی لە دێکۆندا بردبێتەسەر.

شـیعری کـوردی و بـه تایبـەت شـێوەزاری هـەورامین. ئـەم بـەیازەیش کـە لەبەردەستماندایە، شیعری کوردی کەمی تێدایە و تەنانەت لە جێگەیەکیشدا باس لەوە دەکات کە بۆ خۆی نەیویستووە شیعری کوردی تێدا بنووسێتەوە. بەم پێیەش، وای بۆدەچم کە ئەو بەیازە نادیارە ئەگەر «دیوانی شیعری شێخ ڕەزای دەرەوەران» نەبووبێت، لەوانەیە شیعری زۆری خۆی تێدا نووسیبێتەوە. بەلام لەم بەیازەی‌تردا تەنیا لە دوو پارچە شیعر دڵنیام کە هی شێخ ڕەزا بێت.

بە پێی چۆنایەتی (کیفیێت)ی گوڵچنی شیعر و چیرۆک و پەخشانەکان؛ تێگەیشتنی ئەدەبی شێخ ڕەزا لە ئاستێکی بەرزدا بووە، زمانەکانی فارسی و عەرەبی زانیوە و بە باشـی شـارەزای شـاعیرانی گـەورەی کـورد و ئـەو دوو زمانـەی‌تریش بـووە. بـۆ پەراوێزەکانیش (شوێن و کاتی نووسینەوە، ڕاڤەی کورتی دەقـەکان، ئـاخ و داخ لـە دەسـتی نەخۆشـین، فیراقـی یـار، دوعـا، تـرس لـە عـەزابی ئـەودنیا، گلـەیی لـە «حەبیب»ەکەی و...) کە ناوبەناو لە بەیازەکەدا دەبینـرێن، لـە هـەر سـێ زوانەکـە کەلکی‌وەرگرتووە.

شێخ ڕەزا خۆشنووسێکی بەتوانایش بووە. مرۆڤ کە سـەیری بەیازەکـەی دەکـات، بەر لە چێژگرتن لە دەقەکان، سەرسامی خەتی ورد و جوانی نووسەرەکەی دەبێت.

جیـا لـە چەنـدین شـیعر کـە نـاوی شـاعیرەکەیان نەنووسـراوە، بۆشـایی زۆربـەی لاپەڕەکانی بەیازەکە بە تاک و چوارینە خەملیوە کە بێگومان زۆربەی هەرە زۆریـان دەقی شیعریی خۆی بن.

بەو هیوایەی لە داهاتوودا بەرهەمەکانی ئـەم شـاعیرەمان بدۆزرێتـەوە و ئـەدەبیاتی کوردی پێ ڕازاوەتر و دەوڵەمەندتر بکرێتەوە؛ ئەوا ئەو دوو پارچە شیعرە (دەقاودەق چۆن لە بەیازەکەیـدا نووسـراوە) لەگـەڵ چەنـد نموونەیـەک لـە چوارینـە و تاکـە شیعرەکانی شـاعیری نەناسـراو و نـەزانراوی مـەریوانی «شـێخ ڕەزای دەرەوەران» پێشکەش بە کتێبخانە و مێژووی ئەدەبی کوردی دەکەم:

«جواب و سوال عاشق با معشوق به زبان کوردی»*

° زولفت کە وەکوو تورڕەیی خوونکارە بە من چی
شەڕنامەیی نێو مەجلیسی ئەغیارە بە من چی

• لێم لادە مەدە تەعنە لە من شێتە لە باخان
گەر هەمدەمی گوڵ بولبولە گەر خارە بە تۆ چی

° بۆ من کە نییە وەعدەیی گوڵزاری ویسالت
خونچەی دەمی تۆ مەرهەمی بیمارە بە من چی

• تۆ نیتە شوکر حەببەیە ئەی موفلیسی نادان
من حەببی لەبم لەعلی گرانبارە بە تۆ چی

° چیم داوە لە جەور و ستەمی گۆشەیی چاوت
ئەو نێرگسە بیمارە کە غەددارە بە من چی

• عەینی ئەدەبە بەحسی نەکەی چاکە لە لای من
ئەو زالم و بێمرووەتە شەڕڕارە بە تۆ چی

° خۆم ئەورەس و مایل بە خەتی نەورەسم ئەمڕۆ
باقی خەدی مەحبووبەیە ئەمشارە بە من چی

• ئەی تالیبی خونچەی ئەمەل و گوڵبەنی مەقسوود
جەننەت کە دەڵێن مەنبەعی ئەزهارە بە تۆ چی

° هەڵسە بە رەقیب کافری بێبەهرە بڵێ تۆ
لوتفێ کە حەبیبم بە منی کرد بە تۆ چی

---

*شێخ ڕەزا لە خوار ئەم شیعرەوە نووسیویە: حقیقت خیال نداشتم کلام کوردی در میان این بیاض بنویسم، ولی چون زبان یار کوردی بود، بدین یک غزل برآمدم، با او به مکالمه برآمدم، هر کسی مطالعەی اینها بکند، عیبم نگیرد، البته از سوزِ دلِ بریان و از چشم گریان شته‌ای حالی می‌شود که اهل عشق باشد. وای آی رضا.

چونکه یار بر طریق صلح دیدم، این غزل برایش تقریر نمودم، از استغنای رو و از بی‌نوایی خود. چون لطف کامل داشت، طبع را موزون نمودم، این غزل هم در حجره‌ی خیال بدر آوردم، بر طریق رغبت تحریر شد:

که دلبەر زولفی بەرداوە بە بەر دا
بە ئیمانم بە ئیمانی زەرەر دا
(چ دەربەستە)

هەناسەم پەرچەمی لا دا لە سەر رووی
نەسیم هات و شەوی گیرا بە فەردا
(عەجایەب نیە)

بە لەعلی لێوت ئەی گوڵ وا دیارە
دەمت تەعنەی لە مەرجان و گوهەر دا
(وتی: کارم هەر وایە)

لە دووری تۆ بە ئەشکی دیدە تەڕ بوو
هەموو خاکێ، چ خاکێ کەم بە سەردا
(وتی: قوڕی زریبار)

خەیالم وایە وەک مەجنوون لە داخت
بڕۆم بۆ خۆم بە دەشت و کێو و دەر دا
(وتی: جا جەهەنەم)

دلم دا پێت و هەر ئەو وەختە زانیم
کە من لەعلم بە باخی بێ‌سەمەر دا
(وتی: هەزار وەک تۆ مەجنوون بووە)

دیارە مردنی من دوور لە بالات
بە گریانی شەو و نالەی سەحەر دا
(وتی: دەمری، دەمری)

دەزانی وەک جەهەننەم وایە دووری
خەلاسم کە لە نێو ناری سەقەر دا
(وتی: دمشێ هەر تیا بی)

لە بەر زولمی گرانی بێ‌وەفاییت
مەگەر هەر قوڕ بکەم دایم بە سەر دا
(دلخۆشی کردم وتی: سەبووری بکەم، جەزات ئەدەمێ)

هەندێک لە کورتە شیعرەکان:

تالانی سەر و ماڵمە هەرسێکی بە جارێ
فنجانی مەم و خاڵی دەم و ڕوومەتی قرمز

-

دڵم نایە بەجێتبێڵم بڕۆم بۆ خۆم بە دنیادا
سەری خۆم هەڵگرم وەک شێت بە کێو و دەشت و سەحرادا

-

شکا پشتم بڕا جەرگم لە حەسرەت وردە خاڵانی
خودایا بۆ نەما عەهد و قەرار و مەیلی ساڵانی

-

لەبەر تۆفی زمستانی فیراقی یاری بێهەمتا
بەهاری عوشرەتم خونچەی بە ڕەنگی پووشی هاوینە
بە ئیمانم گەڵێ هەرزانە بۆسەی لەعلی گوڵنارت
خەجاڵەت بم ئەگەر نەیدەم لە ڕێی ئەو ماچە ئەم دینە

-

عاشقی لایەق بە شەخسێکە کە بێدەنگ خەم بخوا
خۆڵ بە سەر مەجنوون کە دەردی عەشقی پەنهانی نیە

-

موددەتێکە من لە سایەی چاوی تۆ
مایلی بادەی مەزەی مەیخانە نیم

-

ئەم سۆزە لە دڵمایە ئەم ڕشتە لە ملمایە
ئەم عەشقە لە دڵمایە.هەی دیدە خومارێکە

-

بە ئیمای چاوەکەت ئیمانەکەم چوو
موسوڵمانی بە دینم باوەڕت بێ

-

ئەوا دۆعا دەکەم تۆ بێژە ئامین
نەسیبی من شەمامەی باخەڵت بێ

-

هەر گوڵ نەشتەرێ هەر سۆسەن خارێ
هەر چەمەن زیندان هەر شەتاو مارێ

-

موتالیعەی خاڵ لەیلم کافی یەن
ئیتر هەرچی کەم بێ ئیفاقی یەن

-

ئاخ چون شەمع شەو سوفتە جەرگە ویم
ئاخ چون چرای سوبح جوانەمەرگە ویم

-

ئەر شەوەن ئەر ڕۆ هەر تۆم خەیاڵەن
شەو جە لام ماهەن ڕۆ جە لامساڵەن

-

گشت گونای دلەن تەوەن بارۆ لێش
وەرنە من جە یار بێبەینەتم چێش

-

من خۆ کەم زوخاو هیجرانم وەردەن
یەکجار دووری تۆ تەمامم کەردەن

-

جە گشت شیرین تەر هەر گیانو ویمەن
ئەر بۆ تۆ نەبۆ هەنی بۆ کێ مەن

-

بـــــرۆ زاهیـــــــد ئـــــــەوە خـــــۆت و بەهەشـــــــتت
کـــــە ایـــــن ســـــیبِ زَنَـــــخ زان بوســـــتان بِـــــە

-

چـــو در رویـــت بخنـــدد گـــل مشـــو در دامـــش ای بلبـــل
کـــه بـــر گـــل اعتمـــادی نیـــست اگـــر حـــسن جـــوان دارد

-

خـــــدایا رضـــــا را رضـــــامند کـــــن
بـــــه نـــــار جهـــــنم عـــــذابش مکـــــن

-

بـــر روی تـــو ســـر فتنـــه همـــین دانـــەی خـــال اســـت
چیـــزی کـــه مـــرا کـــرده گرفتـــار همینـــست

-

پـــس از مـــرگم اگـــر آهـــی بـــرآیـــد از دل تـــنگم
شـــود بریـــان اگـــر مرغـــی نشـــیند بـــر ســـر ســـنگم

***

فەرهەنگۆک:

ئیفاقە: کەڵک، قازانج

بۆرە: ناوە بۆ سەگ

بۆس: بست، پێوانەی درێژایی نزیکەو ٢٥ سانتیم

بە ناواز: ناودار، تازە پێگەیشتوو

بەد تەشک: نالەبار، ناشیرین

بەرداش: بەردێکی داتاشراوی بازنەیی وەکوو دەسار یان هارە کە کەرەستەی سەرەکی ئاشە بەردینە بووە بە تیرە(قطر)ی نزیک بە مەترێک و ئەستووری ١٥ تا ٢٠ سانتیم

بەلا لە خولقت: نفرەت لە کردارت

برووز: دەرکەوتن، نیشان‌دان

بزگەل: بزن و مەڕ

بیراز کردن: کەل کردنی کەرەستەکانی کشت‌وکاڵ بە مەبەستی باشتر بڕین، لە ئاشدا بریتییە لە کەل کردنی بەرداش بۆ ئەوەی باشتر خەلە بهاڕێ و ئاردەکەی وردتر بێت.

بێ‌بەینەت: بێ‌وەفا (هەورامی)

پێلەوار: ئەو دارە بچووکانەی کە لە لۆس دەبەسترێن بۆ ئەوەی کەسەکان شان بدەنە ژێری و لۆسەکە هەڵبگرن.

پووت: تەنەکە، دەبە

پوول: کەمترین نرخ

تەبەک: سوێندە، زەرفی تایبەت بە هەڵگرتنی نان

تەڕلان: ناسک

تەرک و تووز: قەد و باڵا، قیافە

تەسالحە: ئاشتی، کۆتایی هێنان بە شەڕ

تەشی: کەرەستەیەکە بۆ کردنی خوری بە بەن

تەلای دەستەوشار: تەلایەک کە جوانکاری لە سەر کرابێ یاخۆ دەسکردی زێڕنگەرانی هەوشار بێت کە لە پیشەی خۆیاندا بەناوبانگ بوون

تەوەن: بەرد (هەورامی)

توڕڕە: پەرچەم، ئەگریجە

جورعە: قوم، چەند دڵۆپێک

چای ئەبوو جەمال: مارکی چاییەکی ئەو سەردەمە بووە

چەپگەرد: چەواشەکار، گێرە شێوێن

چنگینە و کەلەگاسوار: ناوی دوو شاخن لە تەنیشت گوندی خەڵووزە

حەبب: گۆشە، لەت

حەببە: شتی ورد، بە کوڵوی قەندیش ئەوترێت

حەسبولمەرام: دڵخواز، بارەو مەیل

خاتر ڕیش: دڵگران، زویر

خار: دڕک و داڵ

خەپلە: جۆرە نانێکە ئەستوورتر لە نانی ئاسایی و ناسکتر لە کولێرە

خەد: روخسار، ڕواڵەت

خەلە: دەخڵ و دان، دانەوێڵە

خورسەند: دڵخۆش، شاد

خوسرەو: پاشا، دەسەلاتدار

خوونکار: جەللاد، پیاوکوژ

[redacted]

دۆ کەشک: دۆی کەشک، دۆیەک کە لە ساوینی کەشکەوە بەرهەم هاتبێت

داربەلەک: ناوی درەختێکی بچووک و کورتە بالایە

دەبان: جۆرە خنجێرێکە کە لە پۆلا دروست دەبێت

دەبدەبە: تەشریفات، شان و شکۆ

دەماخ چاخ کردن: ساز کردنی کەیف، ڕابواردن

دەمانچە بڕنەو: جۆرە دەمانچەیەک بووە

دڵڕیش: دلگران، زویر

دڵئایرین: دڵ ئاگرین، دڵ سووتاو

دیدەباز: لێرەدا مەبەستی چاو جوانە

دیزە: کیتەڵەی گەورە، کاسەیەک کە لە گۆزە گەورەتر و لە هوومە بچووکترە

دیشلەمە: چای شیرین

[redacted]

ڕاستە گرتن: ڕێکوپێک کردن و میزان کردنی بەردئاشەکان و کەرەستەکانی دیکەی ناو ئاش

[redacted]

زیندانی بیلا حەبس: دیلییەک بە بێ ئەوەی لە چوارچێوەی ناو زینداندا بێت، مەبەست مەحکوومی چارەنووسە

زەنەخ: زەنەخدان، چاڵی چەناکە

ساحیب بن: کچێک کە مەووبێت بە ژن

سەخی: دژی چەکل، نان بیە

سەرپاک: هەموو، گشت

سەر لووت رەش کردن: مەبەست تەرک کردنی زێد و چوون بە ولاتانا

سەرفی باش نەکەم: حاڵ و وەزعم باش دەبێت

سەرواز: سەرریز

شەررار: شەراشو

شرنگە: دەنگە ناوێکە، سرنگەی دا: واتە بای لێبووەوە

شمقار: پەلەوەرێکی راوچییە وەک هەڵو

عەرعەرەی روح: گیان کەشت، سەرەمەرگ

کمەک: ئەو بەشەی کلە بەرد و گلەجار کە بە دەستی مرۆڤ داناشراوە

کاملش کای ملش: ماش ملوی دەحل و دانیکە، مەبەستی لەربری ناردەکەیە

کلاوچەرحاں: وەرچەرخاندنی کلاو، هێمایەکە بۆ کاتی کەم

کولە: ملوە بۆ سەگ

کووپە: سندووقی تایبەت بە هەڵگرتنی زیر کووپەی خوسرەوی: خەزێنە و گەنج

کوور: حەچە، برنە تیر

کووکە: کولێرەی زەرات و کاڵ

گازرانی: جۆرە کووتالێک بووە بۆ جلوبەرگ

گال: ناوی دەخلێکە وەک گەنم و جۆ

گەز: مەتر، سەد سانتیم

گێر و بەر: گەل و قنگ، بەر و دوا

گڕپەی ئایر: کلپەی ئاگر

گونا: گوناح، تاوان

گوو نەکەر: چرووک، چەکل. لەو پەندی پێشینانەوە هاتووە کە ئەڵێ: گوو ناکا بۆ ئەوەی برسی نەبێت و نان نەخوا

گووز: تر

لۆس: نیرگە دارێک کە بۆ هەڵگرتنی شتی گەورە و قورس بەکاردەهێنرا و بە چەند کەسێک هەڵدەگیرا

لاکێش: بەڕەی بارێک

لەعل: زیو، جەواهیر. لەعلی گرانبار: زێڕی بەنرخ

لوولەی ئەقراوی: جۆرە جگەرەیەک بووە

مەراق: خەفەت، وەرهەم

مەزەنە: گومان

مەشکەومەلان: کەرەستەی دروستکردنی دۆ، مەشکەومەلان زل: مەبەست دەولەمەند، ئاژەڵدار و خاوەنی شیر و ماستە

مێلەک: ناوی شاخێکە لە نێوان ساوجی مەریوان و گۆخلانی پێنجوێندا

مزە: بەشی ئاشەوان لەو دەخڵەی کە لە ئاشدا دەیهاڕن لەبری کری. لە هەر تەنەکەیەکدا: یەک بلووچە (زەرفێکی تایبەت کە نزیکەو کیلۆ و نیوێک خەلە دەگرێ)

مشتەی دۆم: کەرەستەیەکە وەک دەسەوانە کە لە دروستکردنی ژێرە کلاشدا بەکاردەهێنرێت

موتتەکا: پشتی، سەرین

موغای نێزە: نووکی نێزە

موفلیس: بێدەسەلات، دۆڕاو

مووبەت: موحیببەت، خۆشەویستی

ناری سەقەر: ئاگری جەهەنەم

نەورەس: تازە پێگەیشتوو، لاو

نێرگسی بیمار: هێمایە بۆ چاوی جوان

هاربڕ: دێیەکی ناوچەی شلێرە، کانە بەردێکی لێیە

یایێ: خاتوون بە زاراوەی موکریانی

***

۴

دەستنووسەکان و وێنەکان

نعتيه حضرت الحبيب

سنلى [illegible] دوار بلا به حالم يا رسول الله به غريب نو نبي عشر جانا [illegible]

[illegible] كى فرقت وادلى پرشيم به ناچارن [illegible] زره نور كما [illegible]

[illegible] حمل نهبه سهرى شر منا جيكم [illegible] شعله نار [illegible] الله

[illegible] فاتمر به باخرم مشتاكه [illegible] [illegible] نارت [illegible]

[illegible] بنده بجكم له دوخنى فرزه [illegible] [illegible] كرى [illegible]

[illegible] سليم [illegible] فانت [illegible] [illegible] ها ده ها عشر [illegible]

[illegible] شفاعت بانها نيتم [illegible] بلبلم [illegible] برو [illegible]

[illegible] شفاعت [illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]

وله ایضاً [illegible]

[illegible] خواهم [illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]

وله ایضاً

[illegible] | [illegible]
[illegible] | [illegible]

اعمال ئې دې دله پر درد م … دوای ئې درد پهنا …
دروبینا ئې هر یا به هجرانه … محرومیت باعث د رنج یار …
بار ئې نه کم دروبیت ضرر ره … دیدم بود دیت خیال به نور …
نور نه بینهان هزار دلت ده … هر بود نود بینا شراره …
هری سفرت کرت کونا سبه … دشمنت د بابی قدرت فنا …
انت اله سبوئې خوای لامکان … بازنه زړونه اوله ده مدفا …
ریندا بود دحق ارشا ئې جبر … زود بسلامت به صف د …
یار ئې بې خبر بې بینا بې زینت … بطور ئې سفر قطع بیزاره نه …
علو ئې هزار نا رنج نکیش … قطع له ته نا بغ له کیفر دخو …
بې طاقت سبه زوری نما ده … بحول خوا بینو ه بم …
یار سبې کم نو سبه ضرر بې … له ده له د بلد سبې … نظر بې

ها ئې د السلام نه له شعبه حیرت
زد بزد بسه …

هزار سلام بې له حده او له حسابه | له عقل او فهم له فکره او له حسابه
د روی عزت د عقل او نامو ده | بوگشت لطافت اشنا مو
نامه کت آ مالتا دره د دوران | د لطف سر شکل جه دیدم وارا
خو من نه زرانی وفات دما یه | اخلاقت له نوع بشر جیا یه
ا ای زه خلقه رو ښې ځا ښت | اوصافت ځای وصفه بیا
یاربنا مادن بم زمه بیز بیت | طول دعا جز له عزت نه نیت
په محبت آل او اصحابه رسول | خدمت بدله سر فرلیح احمد
جیش ورچوم از بلام کی برز | جفا به فرزدار نفرت دم ساز
ویشنه له یارنه واسطه یمن | نه اسباب کیفه نه د ناطی ز
زام ز ره درد وروري بارانم | با کسیح که م واز خسته
بو میل بو مو مرتبه مرحم دعا یه | بل بکیان د حق بې زه شغا یه

بلکه قبول بود دعای کرنات
محو حضرت بلکه برنیات

سلام حسرت

بیلت دکو جانانه قربان

غافل سنه تا ماوء عمر

کیره ر دل منه باری وفادار

وسط که په پاکه بر نهاشت

شفای هر درد ... هر کیمه

نفعه مز کره گوی ... حق

... آل نبی

به به حمید و نیه عالی حسرت

مجالی فرصتی احتساب

فراموش مله احشت

جزای پاکت هر ...

برده جیب سیرته قربان

دوای دردی گناه ...

وفای دنیا گلمه ...

دعا گوترها دور ...

... حسرت دعوا ...



حاجی شێخ حەسەنی ڕاوگان

شێخ مەحموودی حافز

شێخ عەلی عەریزەنووس

شێخ مەحموودی مێرگەدرێژ


شێخ ئەحمەدی بیلوو
شێخ ڕەزای هەنگەژاڵ
شێخ محەمەد بیلوو
شێخ فەتاح بیلوو
شێخ عەلی بیلوو
شێخ ڕەزای دەرموەران
شێخ محەمەدی خەلوزی(حەسرەت)
شێخ ئەحمەد
شێخ حسەینی دەرموەران
ئاغا
خاتوو پیرۆز
شێخ عەبدوڵا
شێخ عەلی
خاتوو ئەمنە
خاتوو فاتمە
خاتوو ڕاسمە
خاتوو ڕەعنا
خاتوو عەلی
شێخ مەحموودی گوڵخلان
خاتوو زینە
شێخ ئەحمەد
شێخ عەلی
جەلال



978 600 92914 4 1

www.awinbook.com